# یادگارییەکانی تەوبەکارێك

**کۆمەڵێك چیرۆك وئامۆژگارییە هانی مرۆڤ دەدات بۆ تەوبە کردن و دامەزراوی لەسەر دین**


نوسینی

د.محمد العريفي

وەرگێڕانی

باوکی یوسف
م. عبدالمجيد عبدالحميد/کفری

پێداچوونەوەی

م. صلاح الدين عبدالكريم/ **چەمچەماڵ**

بسم الله الرحمن الرحيم

**الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين، أما بعد:**

## نابینایەك نیشان دەپێكێ[1]

تەمەنم نەگەیشتبووە (٣٠) ساڵ کاتێك کە خێزانم یەکەم منداڵی بوو ..تاکو ئێستا ئەو شەوەم لەیادە.. تاکو نیوە شەو لەدەرەوە بووم لەیەکێ لەجێگای پشوودانەکان (إستراحە)، ئەو شەوە پڕ بوو لە قسەی بۆش وبەتاڵ و بێ سوود.. بەڵکو غەیبەت کردن و تانەو تەشەنەدان لەخەڵکی .. من بووم ئەو قسانەم دەکردو هاوڕێکانم بەهۆی منەوە پێدەکەنین .. باسی خەڵکیم دەکرد ئەوانیش پێدەکەنین .. ئەو شەوەم لەبیرە کە زۆر ئەوان پێکەنین بەهۆی منەوە .. بەهرەیەکی سەیرم هەبوو لە لاسایی کردنەوەدا دەتوانم دەنگی خۆم بگۆڕم بەشێوەیەك کە زۆر نزیك بێت لە دەنگی ئەو کەسەی کە لاسایی دەکەمەوەو گاڵتەی پێ دەکەم .. بەڵێ .. گاڵتەم بە ئەم وئەو دەکرد.. هیچ کەس قوتاری نەدەبوو لێم، تەنانەت هاوڕێکانی خۆیشم.. هەستم دەکرد هەندێ کەس خۆیان بەدوور دەگرن لێم بۆ ئەوەی خۆیان بپارێزن لە زمانم.. لە یادمە ئەو شەوە گاڵتەم بە کابرایەکی نابینا کرد .. بینیم لەبازاڕدا سواڵ دەکات .. لەوەیش گرنگتر پێم خستە سەر پێی ئەو .. بۆیە ئەویش بەزەویدا کەوت .. ئەو بەستەزمانە سەری بەم لاو ئەو لادا دەسوڕانەوەو نەیدەزانی چی بڵێت .. منیش بە دەنگی بەرز پێکەنیم، بە شێوەیەك لە بازاڕەکەدا دەنگی دەدایەوە .. لەکاتێکی درەنگ وەختدا گەڕامەوە بۆ ماڵ وەکو شەوانی تر .. بینیم خێزانم چاوەڕوانم دەکات .. بەڵام تەندروستی لە حاڵەتێکدا بوو کە جێگای بەزەیی بوو .. بە دەنگێکی بچڕبچڕو لەرزۆکەوە ووتی: ڕاشد .. لەکوێ بووی؟ منیش بە گاڵتەیەکەوە ووتم: لەسەر (مریخ) بووم .. بێگومان لای هاوەڵانم بووم .. ماندوو بوون و هیلاکی بە ڕوویەوە دیاربوو .. بە دەنگێکی لەسەرخۆ ووتی: ڕاشد من زۆر ماندووم ..وادیارە کاتی منداڵ بوونم نزیك بووەتەوە ..فرمێسکێکی بێدەنگ کەوتە سەر کوڵمەکانی .. هەستم کرد کە من خێزانم پشتگوێ خستووە .. دەبوایە من زیاتر بایەخم بەئەو بدایەو شەو دەرچوونم کەم بکردایەتەوە .. بەتایبەتی ئەو ئێستا لە مانگی نۆیەمدایە، بە پەلە بردم بۆ نەخۆشخانە .. بردیانە ژووری منداڵبوون .. کاتێکی زۆری بەئازارەوە بەسەر برد ..منیش بەبێ ئارامی چاوەڕوانیم دەکرد .. منداڵبوونەکەی گران بوو ..ماوەیەکی زۆر چاوەڕوان بووم تاکو ماندوو بووم .. بۆیە گەڕامەوە بۆ ماڵ .. ژمارەی تەلەفۆنەکەم لایان بەجێ هێشت بۆ ئەوەی موژدەم پێبدەن .. پاش یەك کاتژمێر .. پەیوەندییان پێوە کردم بۆ ئەوەی موژدەی کوڕێکم پێ بدەن کە لە پاشدا ناوم نا (سالم) .. بە پەلە چووم بۆ نەخۆشخانەکە، چوومە ژوورەوە پرسیاری ژوورەکەی ئەوم کرد .. بەڵام ئەوان داوایان لێکردم سەردانی ئەو پزیشکە بکەم کە سەرپەرشتی منداڵبوونەکەی کرد بوو .. هاوارم کرد بەسەریاندا: کام پزیشك؟؟!! من

---

[1] لەم نامیلکەیەدا پێنج چیرۆکم دەرکردووە، چونکە دووبارە بوون و پێشتر وەرم گێڕابوو، بۆ خوێندنەوەو سود وەرگرتن لێیان بگەڕێرەوە بۆ هەردوو نامیلکە وەرگێڕدراوەکەم: (بەڕاستی شاژنە) و(گەشتی تامەزرۆیان) لە نوسینی هەمان نوسەر.

دەمەوێ (سالم) ی کوڕم ببینم، ووتیان: لە پێشدا سەردانی پزیشکەکە بکە ‥چوومە ژوورەوە بۆ لای پزیشکەکە.. باسی بەڵاو موسیبەتی بۆ کردم ..باسی ڕازی بوون بە قەدەری خوا .. پاشان ووتی: کوڕەکەت .. چاوەکانی تەواو نییە ڕەنگە چاوەکانی لە دەست بدات و نەتوانێت ببینێت.. سەرم داخست نەمدەزانی چی بڵێم .. سواڵکەرە نابیناکەم کەوتە یاد کە لە بازاڕدا پاڵم پێوە ناو خەڵکی پێی پێکەنین، سبحان اللە ..پاکی و بێگەردی بۆ خوا .. چۆن بدەی لە خەڵکی ئاوایش لێت دەدرێت هەندێ بە سەرسامی مامەوە .. نەمدەزانی چی بڵێم .. پاشان خێزان و منداڵەکەم کەوتە یاد ..سوپاس گوزاری پزیشکەکە بووم بۆ ئەو شێوازە نەرم و نیانەی کە لەگەڵ مندا جولایەوە .. پاشان بەڕێ کەوتم بۆ ئەوەی خێزانم ببینم، خێزانەکەم غەمبار نەبوو .. چونکە ئەو ئیمانی تەواوی هەبوو بە قەدەری خوا .. ڕازی بوو.. چەندەها جار ئامۆژگاری دەکردم چیتر گاڵتە بە خەڵکی نەکەم و واز لەو ڕەوشتە بهێنم ..هەردەم دەیووت: لە پاشە ملە باسی خەڵکی مەکە..(غەیبەت) مەکە .. لە نەخۆشخانە دەرچووین .. وە (سالم) یش لەگەڵماندا بوو .. لەڕاستیدا زۆر بایەخم پێی نەدەدا وام دانابوو کە لە ماڵەکەدا نییە .. هەر کاتێ دەنگی بەرز بوایەتەوە .. لەو ژوورە هەڵدەهاتم بۆ ژوورێکی تر بۆ ئەوەی بنووم .. خێزانەکەم زۆر بایەخی پێدەدا .. زۆر خۆشی دەویست .. بەڵام من ڕقم لێی نەبوو .. وە نەمدەتوانی خۆشم بوێت .. (سالم) گەورە بوو .. دەستی کرد بە گاگۆڵکێ کردن .. بەڵام گاگۆڵکێ کردنەکەی جیاواز بوو .. تەمەنی گەیشتە یەك ساڵ دەیویست ڕێ بکات .. بۆمان دەرکەوت کە ئەو دەشەلێ.. زیاتر لەسەرم گران بوو .. لە پاش ئەو خێزانەکەم دوو منداڵی تری بوو.. بەناوی (خالد) و (عمر) .. ساڵەها تێپەڕی ..(سالم) گەورە بوو.. براکانیشی گەورە بوون .. هەرگیز حەزم نەدەکرد لە ماڵدا دانیشم .. هەمیشە لەگەڵ هاوڕێکانمدا بووم .. لەڕاستیدا وەکو یارییەك بووم بە دەستییانەوە .. **بەڵام هەرگیز خێزانەکەم بێ ئومێد نەبوو لە چاکسازی من..** هەمیشە دوعای بۆ دەکردم کە خوای گەورە هیدایەتم بدات .. هیچ کات لەو هەڵس و کەوتە ناشیرینەم پەست نەدەبوو .. بەڵام زۆر غەمبار دەبوو کە من (سالم) م پشتگوێ خستووەو بایەخم داوە بە براکانی .. (سالم) گەورە بوو .. خەمەکانم لەگەڵیدا گەورە بوون .. ڕێگر نەبووم لەخێزانم کاتێ داوای لێکردم کە ناوی (سالم) لە یەکێ لە فێرگەکاندا ناو نووس بکات کە تایبەتن بە کەم ئەندامان .. هەستم بە ڕۆیشتنی ساڵ نەدەکرد .. ڕۆژگارەکانی من وەکو یەکن .. کارکردن و خەوتن و خواردن و شەونخونی ..

لە ڕۆژی هەینیدا کاتژمێر یانزەو نیو لەخەو هەستام .. هێشتا کات زووە بە لای منەوە .. بانگهێشت کرابووم بۆ نانی نیوەڕۆ .. جل وبەرگەکەم لەبەر کردو خۆم بۆنخۆش کردو ویستم دەرچم .. بەهۆڵی ماڵەکەدا تێپەڕیم بەڵام سەرسام بووم بە بینینی دیمەنی (سالم) کە زۆر بەکوڵ دەگریا .. ئەمە جاری یەکەمە کە ئاگام لە گریانی (سالم)ە، لەو کاتەوە کە لە دایك بووە .. دە ساڵ ڕۆیشتووە .. ڕووم پێنەدا .. ویستم خۆمی لێ گێل بکەم .. بەڵام نەمتوانی .. گوێم لێبوو بانگی دایکی دەکردو لە کاتێکدا منیش لە ژوورەکەدام .. ڕووم لێکرد .. لێی نزیك بوومەوە .. ووتم: (سالم) ! ! بۆ دەگری ؟! کاتێ گوێی لەدەنگم بوو .. گریانەکەی وەستاند .. کاتێ کە هەستی کرد من لێی نزیك بوومەتەوە، بەدەستە بچووکەکانی بە دەوری خۆیدا دەگەڕا .. ئاخۆ چی بوێت؟! بۆم دەرکەت کە ئەو دەیەوێ لێم دوور بکەوێتەوە ! ! وەکو ئەوەی بڵێت: ئێستا هەست بەبوونم دەکەیت .. ئەی دە ساڵە تۆ لەکوێی؟؟! ئەو چووە ژوورەکەی خۆی لە پێشدا، ڕازی نەبوو کە هۆی گریانەکەیم پێ بڵێ .. هەوڵم دا کە بە نەرمی لەگەڵیدا هەڵسوکەوت

بکەم .. (سالم) دەستی کرد بەڕوونکردنەوەی هۆی گریانەکەی .. منیش گوێی لێی دەگرم و دەگریام .. ئایا دەزانی هۆی گریانەکەی چییە؟ (عمر)ی برای دواکەوتووە .. کە ڕۆژانە ئەو دەیبات بۆ مزگەوت .. وە لەبەر ئەوەی ئەمڕۆ ڕۆژی هەینییە لەوە دەترسا کە لە ڕیزی یەکەم جێگای نەبێتەوە .. بانگی (عمر) ی کرد .. بانگی دایکی کرد .. بەڵام کەس نەبوو وەڵامی بداتەوە .. بۆیە گریا .. تەماشام کرد کە چۆن ئاو بە چاوە کوێرەکانیدا ڕێدەکات .. نەمتوانی چاوەڕوانی ئەودوای قسەکانی بکەم .. دەستم خستە سەر دەمی و ووتم: (سالم) ئایا لەبەر ئەوە دەگری ؟؟ ووتی: بەڵێ .. منیش هاوڕێکانم لە بیر چوو .. بانگهێشتنم لەبیر چوو .. ووتم: (سالم) غەمبار مەبە، ئایا دەزانی ئەمڕۆ کێ دەتبات بۆ مزگەوت؟ ووتی: بێ گومان (عمر) دەمبات، بەڵام ئەو هەمیشە دوا دەکەوێت .. ووتم: نەخێر .. بەڵکو من دەتبەم .. (سالم) سەرسام بوو! ! باوەڕی نەکرد .. وای دەزانی من پێی ڕادەبوێرم .. هەندێ ڕاوەستاو دەستی کرد بە گریان .. فرمێسکەکانیم بە دەستەکانم سڕی .. دەستەکانی گرتم .. ویستم بە ئۆتۆمبیل بیگەیەنم، بەڵام ڕازی نەبوو .. مزگەوتەکە نزیکە .. دەمەوێ هەنگاو بنێم بەرەو مزگەوت .. بەڵێ سوێند بەخوا وای بە من ووت .. لە یادم نییە دواجار کەی بوو کە چوومەتە مزگەوت .. بەڵام ئەمە جاری یەکەمە کە هەست بە ترس دەکەم .. وە هەست بە پەشیمان بوونەوە بکەم بۆ ئەو هەموو خراپانەی کە چەند ساڵێکە دەیکەم .. مزگەوتەکە پڕبوو لە نوێژ خوێنان، لەگەڵ ئەوەشدا جێگایەکم بۆ (سالم) لەڕیزی یەکەم دۆزییەوە .. پێکەوە گوێ بیستی وتاری هەینی بووین ئەو بە تەنیشتمەوە نوێژی کرد.. لەڕاستیدا من بە تەنیشت ئەوەوە نوێژم کرد .. لە پاش نوێژ (سالم) داوای قورئانێکی لێکردم.. سەر سام بووم! ! چۆن دەتوانێ بخوێنێ لە کاتێکدا کە چاوی نابینێ؟! لە پێشدا ویستم داواکارییەکەی پشتگوێ بخەم .. بەڵام لەوە ترسام هەستی بریندار بکەم .. بۆیە قورئانێکم بۆ ئامادە کرد .. ئەویش داوای لێکردم کە قورئانەکە لەسەر سورەتی (الکهف) بکەمەوە .. لاپەڕەکانی قورئانەکەم ئەمدیو و ئەودیو دەکرد .. جارجار تەماشای ناوەڕۆك (فهرست) ە کەم دەکرد .. تاکو دۆزیمەوە قورئانەکەی لێ وەرگرتم و لەپێش خۆی داینا .. پاشان دەستی بە خوێندنەوەی سورەتەکە کرد .. لەکاتێکدا کە چاوەکانی داخراوە، ئای خوایە ..! ! ئەوا ئەو هەموو سورەتی (الکهف) ی لەبەر کردووە .. بەڕاستی شەرمم لەخۆم کرد .. بە دەستەکانم قورئانەکەم گرت.. هەستم کرد هەموو لاشەم دەستی بە لەرزین کرد.. دەستم بە خوێندنەوەی قورئان کرد .. خوێندم .. داوام لە خوا کرد کە لە تاوانەکانم خۆش بێت .. هیدایەتم بدات .. توانای خۆڕاگریم نەما .. وەکو منداڵ دەستم بە گریان کرد.. هێشتا خەڵکێك لە مزگەوتەکەدا مابوونەوە بە مەبەستی نوێژی سوننەت .. شەرمم لەخۆم کرد .. ویستم گریانەکەم بشارمەوە .. کەچی نەمتوانی.. دەنگی گریانەکەم بەرز بووەوەو بوو بە ناڵەو هاوار .. هەستم بە دەستە بچووکەکانی کرد کە دەیهێنێت بە ڕوومەتمداو فرمێسکەکانم دەسڕێ.. ئەوە (سالم) ە، توند لەئامێزم گرت .. تەماشام کرد .. لە دڵی خۆمدا گوتم: **بەڕاستی کوڕم تۆ کوێر نیت بەڵکو من کوێرم** .. کاتێ کە شوێن خراپەکاران دەکەوتم ئەوانیش بەرەو ئاگر ڕاپێچیان دەکردم .. گەڕاینەوە بۆ ماڵ .. خێزانەکەم زۆر دڵی لای (سالم) بوو .. بەڵام ئەو دڵە ڕاوکەی نەما، کاتێ زانی کە من نوێژی هەینیم لەگەڵ (سالم) دا کردووە .. لەو ڕۆژەوە نوێژی جەماعەتم لە دەست نەچووە لە مزگەوت .. وازم لە هاوڕێی خراپ هێنا .. کۆمەڵێکی تر هاوڕێم بۆ دروست بوو کە خەڵکی چاکو ئەهلی مزگەوت بوون .. چێژی ئیمانم لەگەڵیاندا وەرگرت .. فێری زۆر ڕەوشت بووم لەگەڵیاندا کە دونیای لەپێش

چاوم خست هەر مەجلیسێك کە یادی خوای تیادا بوایە لە دەستم نەدەچوو .. هەموو نوێژەکانی (وتـر) م دەکـرد .. لە ماوەی مانگێکدا چەند جارێك خەتمی قورئانم کرد .. زمانی خۆمم بـە یـادی خـوداوە تـەڕ کـرد .. بـەڵکو خـوا لـە هەموو ئەو (غەیبەت) و گاڵتە پێکردنە بە خەڵکی کردوومە خۆش بێ .. هەستم کرد ئێستا لە خێزانەکەم نـزیکترم .. چاوی بەزەیی و ترس لە خێزانمەوە بەرامبەر من نەما.. هەمیشە بـزەو پێکـەنین لـەڕووی (سـالم) بـاری نـەدەکرد .. هەرکەس ئەوی ببینایە وای دەزانی ئەم دونیایەو هەرچی تیادایە هی ئەوە، زۆر سوپاسـگوزاری خـوای گـەورە بـووم بۆ هەموو ئەو بەخششانە ..

ڕۆژێك لەڕۆژان .. هاوڕێ چاکەکانم بڕیاریاندا بە مەبەستی بانگەواز بچن بۆ شوێنێکی دوور .. لە پێشدا دوو دڵ بـووم بۆ ڕۆیشتنم .. (إستخارە) ی خوای گەورەم کرد .. وە پرسی خێزانەکەم کرد .. لەپێشدا وامدەزانی کـە ڕازی نابێـت .. بەڵام پێچەوانەی بۆچوونەکەم بوو .. بوڵکو هانی دام .. ئەو لەپێشدا منی دەبینی کە گەشتم دەکرد بەبێ پرسـی ئەو، لەکاتێکدا گەشتی خراپـەکاری و نایاسـایی (غـیر شـرعی) بـوو، ڕووم لـە (سـالم) کـرد .. پـێم ڕاگەیانـد کـە مـن دەمەوێ گەشت بکەم .. بە دەستە بچووکەکانی لە ئامێزی گرتم بە مەبەستی خوا حـافیزی .. ئـەو سـەفەرەش سـێ مانگ و نیوی پێ چوو .. لەو ماوەیەدا هەرکاتێك هـەلم بـۆ بڕەخسـایە پەیوەنـدیم بەخێزانەکەمـەوە دەکـردو لەگـەڵ منداڵەکانمدا قسەم دەکرد .. زۆر حەزم لە بینینی (سالم) دەکـرد .. ئـاه هـ ... چـەند تامـەزرۆی بینینـی (سـالم) م خۆزگەم دەخواست کە گوێم لە دەنگی ئەو بێـت .. تـەنها ئـەوە کـە لـەو کاتـەوە سـەفەرم کـردووە گـوێم لـەدەنگی نەبووە .. یان لە قوتابخانە دەبوو یان لە مزگەوت لەکاتی پەیوەندی کردنم .. هەر کاتێـك باسـی تامـەزرۆی بینـینی ئەوم بکردایە بۆ خێزانەکەم .. ئەو پێدەکـەنی و بـە خۆشـی وەڵامـی دەدامـەوە .. تـەنها دوا جـار نـەبێت کـە کـاتێ پەیوەندیم پێوە کرد .. گوێم لەپێکەنینەکەی نەبوو کە چاوەڕوانی بـووم .. دەنگـی گـۆڕا .. ووتم: سـڵاوم بگەیەنـە (سالم) ووتی: إنشاء الله، بێ دەنگ بوو .. لەکۆتاییدا گەڕامەوە بـۆ مـاڵ .. لـەدەرگام دا .. خۆزگـەم دەخواسـت کـە (سالم) دەرگام بۆ بکاتەوە .. بەڵام (خالد) ی کوڕم کە تەمەنی چوار ساڵە ئەو پێشوازی لێ کردم .. لە ئـامێزم گـرت و ئەویش بە دەنگی بەرز هاوار دەکات باوە.. باوە... بۆ دڵم تەنگ بوو کاتێ کە چـوومە ماڵـەوە؟! پـەنام گـرت بـە خوا لە شەیتان .. خێزانم پێشوازی لێکردم .. بـەڵام ئـەو ڕەنگـی گـۆڕا بـوو بەشـێوەیەك کـە دەیویسـت پێکـەنین و دڵخۆشی دروست بکات، بەباشی تەماشام کرد .. پاشان پرسیارم لێکرد .. ئـەوە چـیتە؟ ووتـی: هـیچ نییـە لـەناکاو (سالم) م کەوتە یاد .. ووتم: کوا (سالم)؟ ئەویش سـەری داخسـت و وەڵامـی نەدامـەوە.. چـەند فرمێسـکێکی گـەرم کەوتە سەر کوڵمەکانی .. هاوارم کرد بەڕوویدا، (سالم)!! کوا (سالم)؟ بـەڵام (خالـد) ی کـوڕم وەڵامـی دامـەوە کـە هێشتا زمانی پاراو نەبووەتەوە: (( **بابا .. ثالم لاح الجنة عند الله** )) .

واتە: بابە (سالم) ڕۆیشت بۆ بەهەشت بۆلای خوا .. خێزانەکەم خۆی پێنەگیرا .. دەستی بـە گریـان کـرد .. خـەریك بوو بکەوێتە سەر زەوی .. بۆیە لەژوورەکـەدا دەرچـووە دەرەوە .. لـە پاشـدا زانـیم کـە (سـالم) توشـی (تـا)یـەکی سەخت بووە، دوو هەفتە لەپێش هاتنـەوەم خێزانەکـەم بردوویـەتی بـۆ نەخۆشـخانە .. (تـا)کـە لەسـەری سـەخت و گرانتر بووەو وازی لێ نەهێناوە تاکو گیانی لەدەست داوە .....

## شەیخێك لە سەماگە (مرقص)

پێی ووتم:

لە گەڕەکەکەماندا مزگەوتێکی بچووك هەبوو .. کابرایەکی بە تەمەن پێشنوێژی بۆ دەکردن .. هەموو تەمەنی خۆی لە نوێژو فێرکردندا بەسەر بردبوو .. هەستی کرد کە ژمارەی نوێژ خوێنان کەم دەبێتەوە، بایەخی زۆر بەوان دەدا .. چونکە ئەوانی بە منداڵی خۆی دەزانی .. رۆژێك ئەم مامۆستایە رووی کردە نوێژ خوێنان و پێی ووتن: چییە؟.. بۆ زۆربەی خەڵکی .. بە تایبەتی گەنجان نزیکی مزگەوت ناکەون و مزگەوت ناناسن ..؟ نوێژ خوێنان لە وەڵامدا ووتیان: ئەوان رۆیشتون بۆ سەماگە و مەلهە .. مامۆستا ووتی: سەماگە؟ سەماگە چییە؟ یەکێ لە نوێژ خوێنان ووتی: سەماگە هۆڵێکی گەورەیە .. جێگایەکی بەرزی تیادایە .. کچان سەر دەکەونە ئەو شوێنەو سەما دەکەن و خەڵکی بە دەورو پشتییەوە تەماشا دەکەن .. ووتیان: بەڵێ وایە .. مامۆستاکە بە دڵێکی سادەو ساکارەوە ووتی: لا حول ولا قوة الا بالله .. دەبێ ئەو خەڵکە ئامۆژگاری بکەین .. ووتیان: ئەی مامۆستا ئامۆژگاری و تەمێی ئەو خەڵکە دەکەی لەناو سەماگەکەدان؟ ووتی: بەڵێ .. پاشان هەستاو لە مزگەوت دەرچوو لەبەر خۆیەوە دەیووت: با بڕۆین بۆ سەماگە .. هەوڵیان لە گەڵدا کە پەشیمانی بکەنەوەو پێیان ووت: کە ئەو ئێستا رووبەڕووی گاڵتەو ئازار دەبێتەوە .. ووتی: ئەی ئێمە لە پێغەمبەری خوا ﷺ باشترین؟؟.. مامۆستاکە دەستی یەکێ لە نوێژ خوێنانی گرت و ووتی: رێگای سەماگەم پێ نیشان بدە .. مامۆستا بەرەو سەماگەکە کەوتە ڕێ بە هەموو راستی و دامەزراوی یەکەوە.. گەیشتە سەماگەکە خاوەنی سەماگەکە لە دوورەوە ئەوانی بینی.. وایزانی ئەوان بەرەو دەرسو وانە خوێندن دەچن .. کاتێ روویان لێ کرد سەرسام بوو .. کە گەیشتنە بەر دەرگای سەماگەکە لەوانی پرسی: چیتان دەوێ؟ مامۆستاکە ووتی: دەمانەوێ ئەوانەی ناو ئەم سەماگەیە ئامۆژگاری بکەین .. خاوەنی سەماگەکە سەرسام بوو .. بە سەرسامییەوە تەماشای کردن .. داوای لێبوردنی لێ کردن ..کە ناتوانێ داواکەیان جێ بەجێ بکات.. پاشان مامۆستاکە هەوڵی لە گەڵدا کە رازی بێت .. وە یادی خستەوە کە پاداشتێکی زۆری دەست دەکەوێت لە لایەن خوداوە بەڵام ئەو رازی نەبوو.. پاشان مامۆستاکە هەوڵی دا کە بە پارە رازی بێت .. تاکو ئەوەندە پارەیان پێدا کە دەیکردە رۆژانەیەکی ئەو .. بۆیە خاوەنی سەماگەکە رازی بوو .. وە داوای لێ کردن کە سبەینێ بگەڕێنەوە لە کاتی سەرەتای دەست پێکردنی نمایشی رۆژانە .. کاتێ سبەینێ هات خەڵکی لەناو سەماگەکە بوون .. وە سەماگەکە پڕ بوو لە کاری ناشەرعی و شەیتانەکان دەوری خەڵکی دابوو وە چەپڵەی بۆ ئەوان لێ دەدا .. لە ناکاودا پەردە لادرا .. بینیان کابرایەکی بە تەمەنی ریش سپی لەسەر کورسییەك دانیشتووە .. خەڵکەکە سەرسام بوون ... هەندێکیان وایان زانی ئەمە بەشێکە لە نمایشی ئەمڕۆو بۆ پێکەنینە.. مامۆستاکە دەستی کرد بە (بسم الله الرحمن الرحيم) و سوپاس گوزاری خوا بوو ... وە سەڵات و سەلامی نارد بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ پاشان دەستی کرد بە ئامۆژگاری خەڵکی .. خەڵکەکە تەماشای یەکتریان دەکرد لە نێو خەڵکەکەدا هەبوو پێدەکەنی .. هەبوو رەخنەی دەگرت .. هەبوو تانەو تەشەنەی لێ دەدا، بەڵام مامۆستاکە بەردەوام بوو لەسەر ئامۆژگاری و رووی بەوان نەدەدا .. تاکو یەکێ لە ئامادە بووان هەستاو داوای لە خەڵکەکە کرد کە بێ دەنگ بن و خەڵکی بێ دەنگ بوو.. بێ دەنگییەکی زۆر دەوری خەڵکەکەی دابوو .. وە دڵ نەرمی و سەکینەت بە سەردڵەکانیاندا دابەزی ... تاکو هیچ دەنگێك نەما تەنها دەنگی مامۆستا نەبێت .. قسەی زۆری فەرموو .. کە لە پێش ئەو کاتە ئەوان نەیانبیستبوو...

چەند ئایەتێکی خوێندەوە کە چیاکانی دەهێنایە لەرزە ... وە فـەرموودەو نموونـەو پەنـدو چـیرۆکی تەوبـەکاران .. پاشان بەردەوام بوو لەسەر قسەکانی و فەرمووی: ئەی خەڵکینە .. ئێوە تەمەنێکی زۆرتـان بـە سـەر بـردووە .. وە سەرپێچی خواتان زۆر کردووە .. ئایە لەزەتی ئەو سەرپێچییانە بـۆ کـوێ ڕۆیشـت؟ هـەموو لەزەتـەکان ڕۆیشـتن وە دەفتەری کردەوەکانتان بە ڕەشی ماوەتەوە .. وە بەرامبەر هەموو ئـەو کردەوانـە لـە ڕۆژی دواییـدا پرسـیارتان لـێ دەکرێت .. ڕۆژێك دێت کە هەموو شتێك لەناو دەچێت تەنها خوای تاك و تەنها نەبێت .. ئەی خەڵکینە ئایا تەماشای کردەوەکانی خۆتانتان کردووە .. ئایە بـەرەو کـوێ دەتانبـات؟؟ ئێـوە بەرگـەی ئـاگری ئـەم دونیایـە نـاگرن .. کـە بەشـێکە لـە حـەفتا بەشـی ئـاگری دۆزەخ ... بۆیـە پەلـە بکـەن بـۆ تەوبـە .. پـێش ئـەوەی کـار لـە کـار بـترازێ .. مامۆستاکە ئامۆژگارییەکەی جێی خۆی کردەوەو شوێنەواری بە سەریانەوە دیار بوو لەبەر ئەوەی وتەکانی لە دڵەوە دەرچوو بۆیە گەیشتە دڵ ... خەڵکی دەستیان بە گریان کرد ... ئەویش ئامۆژگارییەکەی زیـاد کـرد ... پاشـان لـە خوا پاڕایەوە کە ڕەحمیان لێ بکات و لێیان خـۆش بێـت ... ئـەوانیش دەیـانووت: آمـین .. آمـین .. پاشـان لەسـەر کورسییەکە هەستا .. بەوپەڕی ڕێزو مەزنییەوە .. وە هەموو خەڵکەکە بە شوێنیدا دەرچوون .. بـەڵێ هـەموویان .. وە تەوبەی هەموویان لەسەر دەستی ئەو بوو زانیان نهێنی بوونیـان لـەم ژیانـە چـییە .. زانیـان هـەموو ئـەو سـەماو لەزەتانە هێچ سوودی بۆیان نییە .. لە کاتێکدا لە ڕۆژی دواییدا کاتێك دەفتەری کردەوەکان دابـەش دەکرێـت .. وە تاوانەکان نمایش دەکرێت .. تەنانەت خاوەنی سـەماگەکە تەوبـەی کـردووو پەشـیمان بـووەوە لـەو کردەوانـەی کـە کردبووی ...

## سارە

ڕێگاکە پڕە لە ئۆتۆمبیل .. گڵۆپە سوورەکە داگیرساوە (پێکراوە) .. بـۆ کـاتی بەڵێنەکـەم تـەنها چـەند خولـەکێکی ماوە ... چەند ڕقم لەو گڵۆپە سوورەیە .. نازانم بۆ هێندە ماوەکەی زۆرە ..!! خۆزگە لە سرەی یەکـەم بوایـەم .. دەبوایە بڕۆیشتمایەو گوێم پێ نەدایە ... چرکەکان زۆر لەسەر خۆیان دەڕۆیشتن ... لە خولەك ..بەڵکو لـە کاتـژمێر دەچوون .. جار بە جارێ تەماشای کاتژمێرەکەم دەکردو جار بە جار گڵۆبە سوورەکە ..گڵۆبە سەوزەکە داگیرسا .. بە دەنگی بەرز (هۆڕن)ێکم لێدا .. بە شێوەیەك ئەوانەی کە لە دەور وبـەرم بـوون زۆر بێـزار بـوون .. ئۆتۆمبیلـەکان جوڵانەوە.. لە یەکەم ئۆتۆمبیل تێپـەڕیم ..خـەریك بـوو لـە دووەم بـدەم .. شـێوەی لێخورینەکـەم هـەموو ئەوانـەی دەوروبەرمی ترساند .. هەوڵمدا پەلـە بکـەم .. بـەڵام نـەمتوانی .. کـات ڕۆیشـت و کـاتی بەڵێنەکـەم بەسـەر چـوو و لەدەستمدا .. هاوڕێکانم نەدۆزییـەوە .. ئـەوان ڕۆیشـتبوون .. بـۆ کـوێ بـڕۆم؟؟ لـە وەڵامـی ئـەم پرسـیارەی خـۆم سەرسام بووم .. هەناسەیەکی قووڵم هەڵکێشا ..خۆزگە جێگای ئەوانم دەزانـی .. ئۆتۆمبیلەکـەم لەسـەرخۆ دەڕوات .. بیرم دەکردەوە .. هۆڕنی ئۆتۆمبیلێکی تر بە ئاگای هێنامەوە .. بە تووڕە بوونێکەوە تەماشای خاوەنەکەیم کـرد .. بە دەست ئیشارەتم بۆی کرد .. لەسەرخۆبە خۆ دونیا نەڕوخاوە .. حاڵی خۆمم لە بیر چوو پێش چەند خولەکێك .. بڕیارم دا ئەمشەو لە ماڵی خۆمان بەسەر بەرم ... بە ڕاستی ئەوە بیرۆکەیەکی باشـە .. تـەنها کچـەکەم نەخۆشـە .. وا باشە ئەمشەو لە نزیکی ئەو کات بە سەر بەرم، ئۆتۆمبیلەکەم لە پێش دوکانێکی (ڤیـدیو) وەسـتاند .. چـوومە

ناو دوكانەكەوە .. كۆمەڵە (فليم)ێكم هەڵبژارد.. پاشان گەڕامەوە بۆ ماڵ .. دەرگاكەم كردەوە .. بانگم لە خێزانەكەم كرد.. هەندێ (چا) و (چەرەزات)م بۆ بهێنە .. چوومە ژوورەكەی خۆم .. ئای لەم ژنەی من چەندە وشكە ! ! ئێستا پێم دەڵێت: ئەحمەد لە خوا بترسە .. من راهاتبووم لەسەر ئەو وشانە تاكو بۆچوونم بەرامبەری گۆڕا بوو .. بەڵام لە هەمان كاتدا خێزانێكی گوێڕایەڵەو باشەو لە پێناو خۆشگوزەرانی مندا خۆی خستووەتە ناخۆشییەوە ..هاتە ژوورەوە چایی و چەرەزاتەكەی پێ بوو .. بە رووومدا بزەیەكی كردو ووتی: وا دیارە بێزار بووی لەگەڵ هاوڕێكانتدا شەو بەسەر ببەیت و دەتەوێت ئەمشەو لە ماڵ بمێنیتەوە؟ ووتم: بەڵێ ..وەرە دانیشە .. خۆشحاڵ بوو .. ويستی دانيشێت .. بەڵام من هەستام بۆ لای ئامێری ڤیدیۆو تەلەفزیونەكە.. دەنگی مۆسیقا بەرز بووەوە .. ئەو بەستەزمانە سەری خستە خوارو ووتی: ئەحمەد لە خوا بترسە .. پاشان بە پەشیمانی و دڵشكاوی لە ژوورەكە چووە دەرەوە .. چونكە ئەو هەرگیز گوێبیستی مۆسیقا نابێت .. دەنگی مۆسیقا لە ژوورەكە بەرز بووەوە .. مۆسیقا .. دەنگی بەرز .. پێكەنین .. منیش چەرەزات دەخۆم و چایی دەخۆمەوە .. هێندە تەماشای تەلەفزیۆنم كردبوو بۆیە هەردوو چاوم ئاوسا بوون .. یەكەم كاسێت تەواو بوو .. دووەمیش .. كاتژمێر سێی پاش نیوە شەوە .. لە ناكاودا .. دەرگاكە كرایەوە .. منیش بە دەنگی بەرز ووتم: چیت دەوێ؟ بەڵام گوێم لە وەڵام نەبوو .. كاتێ دەرگاكە بە تەواوی كرایەوە بینیم كچە نەخۆشەكەمە .. هاتە ژوورەوە .. ئەم دیمەنە لای من كت و پڕبوو .. ماوەیەك بێ دەنگ بووم .. كچەكەم لێم نزيك بووەوە .. لە سەرخۆ تەماشای كردم و پاشان ووتی: **باوە گیان لە خوا بترسە .. باوە گیان لە خوا بترسە** ..پاشان رۆیشت و دەرگاكەی داخست .. بانگم كرد .. سارە .. سارە .. بەڵام وەڵامی نەبوو ..بە شوێنیدا رۆیشتم .. خەریك بوو باوەڕ نەكەم .. ئایە ئەوە كچەكەم بوو؟ دەرگای ژوورەكەم كردەوە بینیم پێشم كەوتووەو چووەتە سەر جێگەكەی خۆی .. لە ئامێزی دایكی خەوتووە .. بەڵێ ئەوە ئەو بوو .. گەڕامەوە بۆ ژووری دانیشتن .. ئامێری ڤیدیۆكەم كوژاندەوە .. دەنگی كچەكەم پڕ ژوورەكە بووە .. **لە خوا بترسە بابە .. لە خوا بترسە بابە** .. تەزوویەك بە هەموو لاشەمدا تێپەڕی .. سەرم عارەقەی كردبوو .. نازانم چیم بە سەرهات .. وام لێ هاتبوو لە دەنگی ئەو زیاتر هیچ دەنگێكم نەدەبیست .. وە لە وێنەی ئەو زیاتر هیچم نەدەبینی .. چەند وشەیەك هەموو بەربەستەكانی بڕی كە ساڵەهای ساڵە لەسەر سنگم دروست بووە .. ئەركی نوێژكردن .. سەرپێچی .. جگەرە .... فليمی رووت.. لە بێ ئاگایی بە خەبەری هێنامەوە .. لێدانی دڵم رووی لە زیادبوون كرد .. خۆم خستە سەر زەوییەكە .. هەوڵمدا بنوم كەچی نەمتوانی .. كات زۆر بە پەلە دەڕوات .. وێنەی رۆژانی پێشوو دەهاتنە پێش چاوم .. وە لەگەڵ بینینی هەموو دیمەنێكدا گوێم لە دەنگی كچەكەم دەبێت .. كە دوو بارەی دەكردەوە .. **لە خوا بترسە .. لە خوا بترسە** .. لەم كاتەدا دەنگی بانگ بەرز بووەوە .. هەموو لاشەم دەستی بە لەرزین كرد .. هەموو ئەندامەكانی گیانم دەستیان بە لەرزین كرد .. بانگدەرەكە دوو بارەی كردەوە (**الصلاة خير من النوم**) ووتم: راست دەكەیت .. والله نوێژ لە خەو باشترە .. ئاه **ه ه ه** .. من هەموو ئەو ساڵانە خەوتبووم ... دەستنوێژم گرت و دەرچووم بەرەو مزگەوت .. بە رێگادا دەرۆیشتم وەكو كەسێك كە رێگاكە شارەزا نەبێت .. وەكو ئەوەی شنەی بەیانیان گلەییم لێ بكات و بڵێت: تۆ لە كوێيت؟؟ وە باڵندەكانی ئاسمان بڵێن: سڵاو لەو كەسەی كە لە كۆتاییدا بە خەبەر هاتەوە .. چوومە ژوورەوە بۆ مزگەوت .. دوو ركات نوێژم كرد .. پاشان

دەستم بە قورئان خوێندن کرد .. لە کاتی خوێندندا زمانم دەچوو بە یەکدا .. زەمانێکە قورئانم نەخوێندووە .. هەستم کرد کە قورئانەکە پرسیارم لێ دەکات و دەڵێت: بۆ ئەو هەموو ساڵە بە جێم هێشتووی .. ئایا من قسەی خواکەت نیم؟؟ منیش ئەو ئایەتەی سوورەتی (الزمر) م دووبارە دەکردەوە کە خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿قُلْ يَا عِبَادِيَ الَّذِينَ أَسْرَفُوا عَلَى أَنفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُوا مِن رَّحْمَةِ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ جَمِيعًا إِنَّهُ هُوَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ﴾ [الزمر: ٥٣] .

واتە: ئەی پێغەمبەر ﷺ پێیان بڵێ: خوا دەفەرمووێت: ئەی بەندەکانم ئەوانەی کە خۆتان گوناهبار کردووەو هەڵەتان زۆرە، نائومێد مەبن لە رەحمەتی خوا، چونکە بە راستی ئەگەر ئێوە تەوبەی راست و دروست بکەن، خوا لە هەر هەموو گوناهو هەڵەکانتان خۆش دەبێت، چونکە بێگومان ئەو خوایە زۆر لێخۆشبوو لێبوردەیەو زۆر بە سۆزو میهرەبانیشە. .. سەیرە .. !! هەمووی، هەموو گوناهەکان! .. خوای گەورە چەند بە بەزەییە بەرامبەرمان ... خۆزگەم دەخواست کە بەردەوام بوایەم لە خوێندن .. بەڵام بانگدەرەکە قامەتی بۆ نوێژ کرد .. لە پێشدا لە جێگەکەی خۆم سڕ بووم .. پاشان چوومە پێشەوە بۆ لای خەڵکەکە .. لە ریزەکەدا وەستام .. هەستم دەکرد من نامۆم .. نوێژەکە تەواو بوو .. لە مزگەوت دانیشتم تاکو رۆژهەلات .. گەڕامەوە بۆ ماڵ .. دەرگای ژوورەکەم کردەوە.. تەماشایەکی (سارە) و خێزانەکەم کرد .. هێشتا ئەوان خەوتبوون .. ئەوانم بە جێ هێشت و چووم بۆ سەر کارەکەم .. لە رەوشتی مندا نەبوو کە بەیانیان بەو شێوە زوو بڕۆم بۆ سەر کارەکەم .. هاوڕێکانم سەیریان لێ دەهات بە ئامادە بوونم .. چەند وتەیەکی پیرۆزبایی لەوانەوە ئاراستەم کرا کە تێکەڵ بوو بە گاڵتە پێکردن و پێکەنین .. گوێم بەوان نەدا کە چی دەڵێن .. بەڵام من چاوەکانم بڕی بووە دەرگاکە .. چاوەڕوانی هاتنی (ئیبراهیم ) بووم .. (ئیبراهیم) یەکێکە لە هاوکارەکانم ..کە هەردەم ئامۆژگاری دەکردم .. ئەو کەسێکی باش و رەوشت جوانە .. هەڵسوکەوتی زۆر باشە ... ( ئیبراهیم) هات .. منیش لە جێگاکەی خۆم هەستام بە مەبەستی پێشوازی کردنی ئەو ... پرسیاری کردو ووتی: تۆ ئەحمەدی!؟؟ ووتم: بەڵێ ..دەستی ئەوم گرت بۆ لای خۆم رامکێشاو ووتم: دەمەوێت قسەت لەگەڵدا بکەم .. ووتی: ئاساییە .. لە نوسینگەکە قسە دەکەیت؟؟ ووتم: نەخێر .. دەچین بۆ جێگەی پشوودان ... (ئیبراهیم) بێ دەنگ بوو .. ئەو بە جوانی گوێی لە قسەکانم دەگرت .. رووداوەکەی دوێنێم بۆ باس کرد.. چاوەکانی پڕ لە فرمێسك بوو... بزەیەکی درێژی بۆ کرد .. پێی ووتم: ئەو روناکییەی کە چووەتە دڵتەوە تکایە بە تاریکی سەرپێچی مەیکوژێنەوە... ئەو رۆژە پڕ بوو لە چوست و چالاکی .. هەر چەندە شەوی رابردوو نەنوستبووم .. کەچی بزە لەسەر رووم دوور ناکەوێتەوە .. کارکردنێکی رێك و پێك ... ئەوانەی کە سەردانمان دەکەن هەموویان دێن بۆ لای من .. داوای یارمەتی لە من دەکەن .. یەکێکیان پێی ووتم: ئەم هەموو گورج و گۆڵییە چییە؟ ووتم: ئەوە نوێژی بەیانییە لە مزگەوت ..چەند بەستەزمانە (ئیبراهیم) .. ئەو هەموو کارەی ئەنجام دەدا لە کاتێکدا من دەنووستم .. هەرگیز گلەیی نەدەکردو بێزار نەدەبوو .. چەند مرۆڤێکی چاکە!! .. بەڵێ ئەوە ئیمانە کاتێ کە تێکەڵ دڵەکان دەبێ .. کات دەڕوات کەچی من هەست بە ماندوو بوون ناکەم ... (ئیبراهیم) پێی ووتم: ئەحمەد دەبێ بگەڕێیتەوە بۆ ماڵ .. تۆ لە دوێنێوە نەخەوتووی .. من کارەکانی تۆ ئەنجام دەدەم ... تەماشای کاتژمێرەکەم کرد .. بۆ نوێژی نیوەڕۆ چەند خولەکێکی ماوە .. بڕیارم دا بمێنمەوە ..

بانگدەرەکە بانگی دا .. بە پەلە چووم بۆ مزگەوت .. لە ریزی یەکەم دانیشتم .. هەستم بە پەشیمانی رۆژانی پێشووم دەکرد .. رۆژگارێك بوو لە کاتی بانگداندا هەڵدەهاتم لە کارکردن ... پاش نوێژ گەڕامەوە بۆ ماڵ لە رێگا هەستم بە نائارامییەك کرد.. ئاخۆ ئێستا حاڵی سارە چۆن بێت؟؟ هەستم بە دڵتەنگی دەکرد .. نازانم بۆ؟! هەستم کرد رێگاکە زۆر دوورە .. ترسەکەم زیادی کرد .. سەرم بەرز کردەوە بۆ ئاسمان .. داوام لە خوا کرد کە بە پەلە شیفای کچەکەم بدات .. گەیشتمە ماڵ .. دەرگاکەم کردەوە .. بانگم لە خێزانم کرد کەچی گوێم لە وەڵام نەبوو .. بە پەلە چوومە ژوورەکەوە .. خێزانەکەم دەگری .. رووی لێ کردم و هاواری کرد و بە گریانەوە ووتی: سارە مرد .. بە تەواوی نەمدەزانی چی دەڵێت .. بەرەو لای سارە رۆیشتم .. لەسەر سنگی خۆم نا.. توند لە ئامێزم گرت .. هەولّم دا هەڵیگرم .. دەستەکانی بە شلییەکەوە بەرەو زەوی کەوتنە خوارەوە .. لاشەی سارد بووەوە ..هەروەها دەستەکانی و پێیەکانی ..لێدانی دڵی ..هەناسە دانی ..گوێم لە هیچ نەبوو... تەماشای روویم کرد .. رووناکییەك دەدرەوشایەوە .. هەروەکو هەسارەیەکی روناك وا بوو .. ویستم لە خەو بە خەبەری بهێنمەوە .. جوڵاندمەوە .. لەراندمەوە .. دایکی هاواری کرد .. سارە .. سارە .. مرد... ئەو مردووە .. پاشان دەستی بە گریان کرد .. باوەڕم نەکرد بەوەی کە دەیبینم .. دەڵێی خەو دەبینم ... فرمێسك لە چاوەکانم بە خوڕ دێتە خوارەوە .. هەناسەدانم توندتر بوو .. تەماشای روومەتە جوانەکەیم دەکرد.. پرچە نەرمەکانی ... دەستم کرد بە ماچکردنی دەمە بچووکەکەی... وەکو ئەوەی ئێستا بڵێت ...باوە گیان .. جوان نییە بۆ تۆ.. جوان نییە بۆ تۆ .. کەوتە یادم کە ئەمە موسیبەتە .. بۆیە ووتم: لا حول و لا قوة إلا بالله .. إنا لله و إنا إليه راجعون ...پەیوەندیم بە (ئیبراهیم) ەوە کردو ووتم: هەر ئێستا ئامادە بە چونکە سارە مردووە .. ژنان لەگەڵ خێزانەکەمدا لە ماڵەوە خەریکی شوشتنی کچەکەن ... شوشتنیان تەواو کرد .. بە خامێکی سپی لاشەی ئەویان داپۆشی .. خێزانەکەم بانگی کردم.. چوومە ژوورەوە بۆ ئەوەی بۆ دوا جار خواحافیزی لە سارە بکەم، خەریك بوو بە زەویدا بکەوم ..بەڵام خۆم گردت و ناوچاوانیم ماچ کرد .. بەڵێنم پێدا کە تاکو ماوم دەبێ دامەزراو بم .. دایکی تەماشای کردم .. چاوی سوور بووەتەوە .. رەنگی زەرد بووە .. بە کوڵ دەگری .. پێم ووت: خەمگین مەبە .. بە پشتیوانی خوا ئەو بەرەو بەهەشت رۆیشت .. لەوێ بە یەك دەگەین .. ئارام بگرە بەڵکو شەفاعەتمان بۆ بکات .. پاشان ئەو ئایەتەی خوای گەورەم خوێندەوە کە دەفەرمووێ:

﴿وَالَّذِينَ آمَنُوا وَاتَّبَعَتْهُمْ ذُرِّيَّتُهُم بِإِيمَانٍ أَلْحَقْنَا بِهِمْ ذُرِّيَّتَهُمْ وَمَا أَلَتْنَاهُم مِّنْ عَمَلِهِم مِّن شَيْءٍ كُلُّ امْرِئٍ بِمَا كَسَبَ رَهِينٌ﴾

[الطور: ٢١] .

واتە: جا ئەوانەی باوەڕیان هێناوەو نەوەکانیشیان بە ئیمان و باوەڕەوە شوێنیان کەوتوون، ئەوانە لە بەهەشتدا پێکیان شاد دەکەینەوە ( تا کامەرانی و خۆشییان زیاتر دەبێت)، وە نەبێت ئەوانەی کە پلەی بەرزیان دەستکەوتووە دایانبەزێنین بۆ پلەی نزمتر، چونکە ئێمە پاداشتی کردەوەی کەس کەم ناکەینەوە (ئەگەر زیادی نەکەین) لە هەمان کاتدا هەر کەسە بارمتەی کردەوەی خۆیەتی .

دایکی دەستی بە گریان کردو منیش گریام .. نوێژی جەنازەمان لەسەر کرد پاشان بەرەو گۆڕستان بەڕێ کەوتین ... تەماشای جەنازەکەم کرد هەروەکو ئەوەی تەماشای روناکییەك دەکەم کە ژیانی منی روناك کردەوە.. گەیشتینە

گۆڕستان .. جێگایەكی ترسناك .. سامناك .. بەرەو گۆڕەكەی ڕۆیشتین .. لە لێواری گۆڕەكە راوەستام .. لێرە.. ئێستا كچەكەم دەنێژم.. (ئیبراهیم) دەستی گرتم و ووتی: ئەی ئەحمەد ئارام بگرە .. دابەزیمە ناو گۆڕەكە .. ئەمە حاڵی تۆیشە ئەی ئەحمەد .. رەنگە ئەمڕۆ یاخود سبەینێ.. ئایا چیت ئامادە كردووە بۆ ئەمماڵە؟ (ئیبراهیم) بانگی لێ كردم: ئەحمەد كچەكەت بگرە .. لەسەر سنگم نا .. حەزم دەكرد كە لەناو سنگمدا بینێژم ..لە ئامێزم گرت .. ماچم كرد.. پاشان لەسەر لای راستی دامنا .. ووتم: بسم الله و علی ملة رسول الله .. بەردەكانم ڕێكخست ... هەموو كونەكانم گرت .. لە گۆڕەكە دەرچووم خەڵكی دەستیان كرد بە پڕكردنەوەی گۆڕەكەو گڵیان بەسەردا دەكرد .. منیش فرمێسكەكانی خۆم رانەدەگرت.

## يادگارييەكانی تەوبەكارێك

ئەو پیرەمێردێكی بەتەمەنە.. لەپاش ئەوەی گەورە بووەو چووەتە ساڵەوە چاوەكانی لەدەستداوە... لەگەڵیدا دادەنیشین... لای كعب ی كوڕی مالك ﷺ ئەویش یادگارييەكانی خۆیمان بۆ دەگێڕێتەوە دەربارەی دواكەوتنی لە جەنگی (تەبوك)دا كە ئەو جەنگە دوا جەنگ بوو پێغەمبەری خواﷺ ئەنجامی دا... پێغەمبەری خوا ﷺ بانگەوازی كرد كە خۆیان ئامادە بكەن بۆ سەفەركردن بۆ ئەو جەنگە پارەو خەیری لەوان كۆكردەوە بۆ ئامادەكردنی لەشكر.. تاكو ژمارەی ئەو لەشكرە گەیشتە سی هەزار كەس لەكاتێكدا كە سێبەر خۆش بووەو بەروبووم پێگەیشتووە...لە گەرماییەكی سەختداو سەفەرێكی دووردا و دوژمنێكی بەهێزو یەكلادا.. ژمارەی موسڵمان زۆر بوون بەڵام هەموو ناوەكانیان لەكتێبێكدا كۆ نەكراوەتەوە (كعب) دەڵێت: هەروەكو چۆن لە كتێبی (صحیح)[٢] داهاتووە:

(من لە حاڵێكی باش دا بووم دوو سوارم كۆكردبووەوە توانام هەبوو بۆ جیهاد بەڵام من خۆم دابووە پاڵ سێبەرو خۆشی بەروبوومەكان.. من بەو شێوەیە بووم.. كاتێ كە پێغەمبەری خوا ﷺ كەوتەڕێ ووتم: سبەینێ دەڕۆم بۆ بازاڕو هەموو كەرەستەكانی خۆم دەكڕم پاشان پێیان دەگەم سبەینێ چووم بۆ بازاڕ بەهۆی هەندێ شتەوە گران بوو لەسەرم بۆیە گەڕامەوە ووتم: سبەینێ دەگەڕێمەوەو پێیان دەگەم (إنشاء الله)، دیسان چەند كارێكی تر كەوتە رێگام و گران بوو لەسەرم ووتم: سبەینێ دەگەڕێمەوە إنشاء الله، هەروا بووم تاكو چەند رۆژێك رۆیشت...لە پێغەمبەری خودا ﷺ دواكەوتم ...منیش بە بازاڕەكاندا دەگەڕام ...بەشاردا دەسووڕامەوە هیچ كەسم نەدەبینی تەنها لەوانە نەبێت كە گومانی دووڕوویيان لێ ئەكرا ... یان پیاوێك كە عوزر(پاساو)ی هەبێت ... بەڵێ كعب دوا كەوت و لە مەدینە مایەوە ... بەڵام پێغەمبەری خوا ﷺ لەگەڵ هاوڕێكانیدا كە ژمارەیان سی هەزار كەس بوون ڕۆیشتن تاكو گەیشتنە (تەبوك).. تەماشایەكی هاوەڵانی كرد.. پێغەمبەری خوا ﷺ بینی كەسێكی باش كە لە ( بیعة العقبة)دا بەشدار بووە ئێستا دیار نییە بۆیە ووتی: (كعب ی كوڕی مالك) چی كرد؟ كابرایەك ووتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەوەی ئەوی پاش خستووە دڵخۆش بوونە بە جل و بەرگەكەی و تەماشاكردنیانە لە كاتی لەبەركردندا... معاذ ی كوڕی جبل ووتی: بەراستی شتێكی خراپت ووت واللە ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ لە چاكە

---

(٢) (رواه البخاري ومسلم، وانظر: صحيح الترغيب والترهيب: ٢٩٢٤).

زیاتر هیچ شتێکی تر دەربارەی نازانین ... پێغەمبەری خوا ﷺ بێدەنگ بوو ... کعب ووتی: کاتێ پێغەمبەری خوا ﷺ لە غەزای تەبوك بووەوەو گەڕایەوە بۆ مەدینە... پاشان بیرم لەوە دەکردەوە بە چی شتێك لە تووڕەیی ئەو دەرچم ... بۆیە پەنام دەبرد بۆ هەموو خاوەن عەقڵێك بۆ ئەوەی ڕێگام بۆ دابنێ ...تاکو گەیشتە مەدینە ... زانیم من ڕزگارم نابێت تەنها بە ڕاستگۆیی نەبێت ... پێغەمبەری خوا ﷺ هاتە ناو مەدینەوەو چووە مزگەوت و دوو ڕکات نوێژی کرد... پاشان دانیشت لای خەڵکی ... پاشان ئەوانەی کە نەڕۆیشتبوون بۆ جەنگ هاتن بۆ لای پێغەمبەری خوا ﷺ دەستیان کرد بە هێنانەوەی بیانوو و سوێندیان بۆ دەخوارد ... کە ژمارەیان لە هەشتا کەس زیاتر دەبوو ... پێغەمبەری خوا ﷺ عوزرەکەیانی وەرگرت ئەوەی کە ئاشکرایە و داوای لێخۆشبوونی لە خوا بۆ کردن و نهێنییەکانی گەڕاندەوە بۆ لای خوا ... پاشان (کعب ی کوڕی مالك) هات... کاتێ کە سڵاوی لێ کرد ... پێغەمبەری خوا ﷺ تەماشایەکی کرد ... پاشان بزەیەکی کرد وەکو کەسێك پەست بووبێت ... فەرمووی : وەرە ... (کعب) ڕۆیشت بۆ لای پێغەمبەری خوا ﷺ... لەبەردەستیدا دانیشت ... خۆشەویست ﷺ فەرمووی: بۆ دوا کەوتی؟ ئایا هەموو پێداویستییەکانی ماڵەوەی خۆتت نەکڕیبوو؟ ووتی: بەڵێ. فەرمووی: ئەی چی شتێك دوای خستی؟ کعب فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ سوێند بە خوا من ئەگەر لەبەردەستی جگە لە تۆ دابنشتمایە لەلای ئەوانەی کە ئەهلی دونیان ... دەتوانم بە عوزرێك لە پەستی ئەوان خۆم دەرباز بکەم ... چونکە من توانای گفتوگۆم هەیە ... بەڵام سوێند بە خوا ... من دەزانم ئەگەر ئەمڕۆ درۆت لەگەڵدا بکەم و لێم ڕازی بیت ئەوا زۆری نەماوە کەخوای گەورە پەستت بکات بەسەرمدا، وە ئەگەر قسەیەکی ڕاستت لەگەڵدا بکەم... من تکام وایە کە خوای گەورە لێم خۆش بێت ... ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ... سوێند بە خوا هیچ بیانوویەکم نەبوو ... وەهیچ کاتێك لەو کاتە بەهێز تر نەبووم و حاڵم باشتر نەبوو کە دواکەوتم لە تۆ... پاشان (کعب) بێدەنگ بوو ... پێشەوا ﷺ ڕووی لە هاوەڵانی کرد و فەرمووی: بەڵام ئەم کەسە قسەکانی ڕاست بوو ... هەستە... تاکو خوای گەورە حوکمو بڕیار دەدا بەسەرتدا ... بۆیە کعب هەستاو گەڕایەوەو لە مزگەوت دەرچوو... بە دڵێکی خەماوی و شکاوەوە... نازانێت خوای گەورە چی حوکمێکی بەسەردا دەدات ... کاتێ کەس و کارەکەی ئەوەیان بینی چەند پیاوێك شوێنی کەوتن ... دەستیان کرد بە لۆمە کردن ... ووتیان: واللە.. نازانین هیچ تاوانێکت هەبێت لە پێش ئێمە ... تۆ کەسێکی شاعریت ئایا نەتتوانی داوای لێبوردن بکەیت هەروەکو چۆن ئەوانی تر داوایان کرد ... خۆزگە داوای لێبوردنێکت بکردایەو لێت ڕازی بوایە ... پاشان داوای لێخۆشبوونی بۆت بکردایە ... وە خوای گەورەش لێت خۆش دەبوو ... (کعب) دەڵێت: هێندە هانیان دام تاکو ویستم بگەڕێمەوە لای پێغەمبەری خوا ﷺ و خۆم بە درۆ بخەمەوە ... ووتم: ئایا بە هیچ کەسێکی تر ئەوەی فەرمووە کە بە من فەرمووی؟ ووتیان: بەڵێ بە دوو کەسی تر وەکو قسەکانی تۆی ووت ... بەئەوانیش هەر ئەوە ووترا کەبە تۆ ووترا ... ووتم: ئەو دوو کەسە کێن؟ ووتیان: (مرارة ی کوڕی الربیع) و(هیلال ی کوڕی أمیة) ... بینیم کە ئەو دوو کەسە کەسێکی چاکن و ئامادەی جەنگی بەدر بوون و ئەوانیش بۆ من پێشەنگن... ووتم: واللە دەبێ نەگەڕێمەوەو خۆم بە درۆ نەخەمەوە ... پاشان کعب ڕۆیشت...غەمبارە...دڵشکاوە...وە لە ماڵی خۆی دانیشت ..ماوەیەکی کەم تێپەڕی ... پێغەمبەری خوا ﷺ قەدەغەی کرد کە هاوەڵانی لەگەڵ کعب و دوو هاوەڵەکەیدا قسە بکەن ... کعب ووتی: خەڵکی لێمان دوور

کەوتنەوە... بەرامبەرمان گۆڕان ... کاتێ دەردەچووم بۆ بازاڕ ... هیچ کەسێك قسەی لەگەڵدا نەدەکردم ... خەڵکی پشتیان لێ کردم و وات دەزانی بە هیچ شێوەیەك نامناسن تەنانەت دیوارەکانیش پشتیان لێ دەکردم و وات دەزانی ئەو دیوارانە نین کە ئێمە ئاشنا ببووین لەگەڵیاندا ... وە زەویش رووی لێمان نەدەکرد وات دەزانی ئەو زەوییە نییە کە ئێمە لەگەڵیدا ئاشنا ببووین ... وە دوو هاوەڵەکەم لەماڵدا دانیشتن و دەگریان... بە شەوو بە رۆژ دەگریان .. لە ماڵ نەدەهاتنە دەرەوە... وەکو (راهبەکان) خوا پەرستییان دەکرد ... بەڵام من لەوان گەنجتر و بەهێزتر بووم ... لە ماڵ دەردەچووم ... لەگەڵ موسڵماناندا نوێژی جەماعەتم دەکرد ... وە بە بازاڕەکاندا دەسووڕامەوە ... بەڵام کەس قسەی لەگەڵدا نەدەکردم ... وە دەهاتم بۆ مزگەوت و دەرۆیشتم بۆ لای پێغەمبەری خوا ﷺ و سلاوم لێ دەکردو لە دڵی خۆمدا دەمووت : ئایا لێوی جوڵاندەوە بۆ وەڵامدانەوەی سلاوەکەم یان نا؟ پاشان لە نزیکی ئەو نوێژم دەکرد ... بە سۆمای چاوەکانم تەماشای ئەوم دەکرد ... نوێژەکەم تەواو دەکرد رووی لێم دەکرد ... وە ئەگەر رووم لێ بکردایە ئەوا پشتی لێم دەکرد ... چەند رۆژێك بەسەر (کعب) دا تێپەڕی ... ئازارەکانی ئازاری تریان دروست دەکرد... ئەویش کابرایەکی رێزدارە لە نێو کەس و کارەکەیدا ... بەڵکو ئەو کەسێکە لە هەموو شاعیرەکان بە تواناترە ... پاشاکان و سەرکردەکان دەیناسی ... وە شیعرەکانی لە ناو پیاوە مەزنەکاندا بلاو بووەوە تاکو خەڵکی خۆزگەیان دەخواست بە بینینی ... بەڵام ئێستا ئەو لەشاری مەدینەیە ... لە نێو کەس و کاری خۆیدا ... هیچ کەس لەگەڵیدا قسە ناکات... تەنانەت کەس تەماشای ناکات ... لەو کاتەدا نامۆییەکەی توندتر بوو ... وەدڵی زیاتر تەنگ بوو ... تاقیکردنەوەیەکی تر رووی لێ کرد... ئەویش ئەوە بوو لە کاتێکدا کە بەناو بازاڕدا دەسوڕایەوە ... کابرایەکی گاور لە شامەوە هات ... دەڵێت: کێ (کعب ی کوڕی مالك)م پێ نیشان دەدا؟ خەڵکی دەستیان بۆ (کعب) درێژ کرد ئەویش هات بۆلای و نامەیەکی دا بەدەستەوە کە لە لایەن پاشای (غەسان)ەوە نێردرابوو ... سەیرە !لە (غەسان) ی پاشاوە ! ! کەواتە هەواڵی گەیشتووەتە وڵاتی شام ... وە پاشای (غەسان) بایەخی پێ داوە ... ئاخۆ پاشا چی بوێت؟! کعب نامەکەی کردەوە بینی نوسراوە...

پاشان: ئەی (کعب ی کوڕی مالك) پێم گەیشتووە کە هاوڕێکەت پشتی لێت کردووەو پەراوێزی کردووی ... لە لای منیش جێگەی کەس ون نابێت و کەسیش سووك نابێت ... پەیوەندیمان پێوە بکە تاکو دڵت بدەینەوە ...

کاتێ لە خوێندنەوەی نامەکە بووەوە ... ووتی: انا لله ... گەیشتومەتە پلەیەك کەبێ باوەڕان تەماحم پێ بکەن ... بەراستی ئەمەیش جۆرێکە لە جۆرەکانی بەلاو خراپەکاری ... پاشان بەرەو تەنورەکە رۆیشت و نامەکەی خستە ناو تەنورەکەوە ...پاشان تەنورەکەی گڕداو نامەکەی سووتاند ... وە (کعب) رووی نەکردە ئەو فریودانەی پاشا ... بەڵێ دەرگای نزیك بوونەوەی پاشایانی بۆ کرایەوە ...دەرگای کۆشکی پیاوە مەزنەکان ... بانگی دەکەن بۆ رێزو هاوڕێتی پاشایان .. لەکاتێکدا کە شاری مەدینە پشتیان لێ کردووەو روویان گرژ کردووەتەوە بە روویدا ... سلاو دەکات کەس وەڵامی ناداتەوە ... وەپرسیار دەکات کەس وەڵامی ناداتەوە ... لەگەڵ ئەوەیشدا رووی لە بێ باوەڕان نەکرد ... وە شەیتان سەرنەکەوت لە خەڵەتاندنی و ملکەچ نەبوو بۆ ئارەزووەکەی ... نامەکەی خستە نێو ئاگرەکەوەو سووتاندی ... رۆژگار تێپەڕی ... مانگێکی تەواوی بەسەردا رۆیشت کەچی (کعب) بەو شێوەیە مایەوە ... ئابڵۆقەکەی سەر کعب توندتر دەبوو ... وە تەنگی ژیانی قورستر دەبوو ... نە پێغەمبەری خوا ﷺ بریارێك

دەداو نە (وەحی) سروش حوکمێك دادەبەزێنێت کاتێك کە چل ڕۆژ تەواو بوو ... نێردراوێك لەلایەن پێغەمبەری خواوە ﷺ هات بۆ لای کعب و لە دەرگای دا ... کعب دەرچووە دەرەوە ...بەڵکو دەرگای لێ کرابێتەوە کەچی بینی نێردراوەکەی پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی پێت کردووە کە لە خێزانەکەت جیا ببیتەوە ... ووتی: تەڵاقی بدەم؟ یانی چی؟ ووتی: نەخێر بەڵکو نزیکی مەبەرەوە ... کعب چووە ژوورەوە بۆ لای خێزانەکەی و ووتی: بڕۆرەوە بۆ ماڵ کەس و کارت... لەوێ بمێنەوە تاکو خوای گەورە حوکمێك دەدا بەسەر ئەم کێشەیەدا ... پێغەمبەری خوا ﷺ هەمان بڕیاری بۆ دوو هاوەڵەکەی کعب نارد بوو ... کەچی خێزانەکەی (هیلال ی کوڕی أمیە) هات بۆ لای پێغەمبەری خواو ﷺ ووتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ هیلال کابرایەکی بەتەمەن و گەورەو لاوازە... ئایا ڕازی دەبی کە خزمەتی بکەم؟ ووتی: بەڵێ بەڵام بەمەرجێ کە نزیکت نەبێتەوە ... خێزانەکەی هیلال ووتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ سوێند بە خوا هیچ جوڵەیەکی تیا نەماوە بۆ هیچ شتێك ئەو غەمبارەو دڵشکاوەو لە حاڵێکی خراپدایە .... ئەو بە ڕۆژو بە شەو دەگری ... لەو کاتەوە کە ئەو کارە ڕوویداوە ...

چەند ڕۆژێکی دژوار بەسەر کعب دا تێپەڕی ژیانی ئاڵۆزتر دەبوو ... تاکو وای لێهات بە ئیمانەکەی خۆیدا دەچووەوە ... لەگەڵ خەڵکیدا قسە دەکات کەچی خەڵکی قسەی لەگەڵدا ناکات ... وە سڵاو دەکات لە پێغەمبەری خوا ﷺ کەچی وەڵامی ناداتەوە ... ئەی بۆ کوێ بڕوات؟ وە لەگەڵ کێدا پرس و ڕا بکات؟ کعب دەڵێ: کاتێ ئەم بەڵایە بەسەرمەوە درێژەی خایاند... ڕۆیشتم بۆ لای (ابي قتادة) کە ئامۆزامەو خۆشەویستترین کەسە لە دڵمدا... بینیم ئەو لەناو باخچەکەیدایە بۆیە منیش لە دیوارەکەوە چوومە ئەو دیوە... چوومە ژوورەوەو سڵاوم لێ کرد ... سوێند بە خوا وەڵامی سڵاوەکەی نەدایەوە ... ووتم : لەبەر خاتری خوا ئەی (ابی قتادە) ئایا دەزانی کە من خوا و پێغەمبەرەکەیم ﷺ خۆش دەوێ؟ کەچی ئەو بێدەنگ بوو ... ووتم : ئایا دەزانی کە من خواو پێغەمبەرەکەیم ﷺ خۆش دەوێ؟ کەچی ئەو بێدەنگ بوو ... ووتم: لەبەر خاتری خوا ئەی (ئەبو قتادە) ئایا دەزانی کە من خواو پێغەمبەرەکەیم ﷺ خۆش دەوێ؟ ووتی: خواو پێغەمبەرەکەی ﷺ باشتر دەزانن ... کعب گوێبیستی ئەو وەڵامە بوو لە کوڕی مامیەوە کە خۆشەویستترین کەسە لای ئەو .. نازانێ ئەو ئیمانداره یان نا؟ بۆیە خۆی پێ نەگیرا لەبەر وەڵامەکەی چاوەکانی پڕ بوون لە فرمێسك ... دیسان لە دیوارەکەوە چووە ئەو دیوەوەو گەڕایەوە بۆ ماڵی خۆی و لەوێ دانیشت ... چاوەکانی دەبڕیە دیوارەکانی خێزانێکی نەبوو لەگەڵیدا دانیشێت ... وە کەسێکی نزیك نییە دڵنەوایی بکات ... پەنجا شەو بە سەریدا تێپەڕی لەو کاتەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی کردبوو کە کەس لەگەڵیدا قسە نەکات ... لەشەوی پەنجایەمدا لە سێ بەشی شەودا تەوبەکەی دابەزی بەسەر پێغەمبەری خوادا ﷺ ...( أم سلمە) ووتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئایا موژدە بە کعب نەدەین؟ ووتی: خەڵکی تێکتان دەشکێنن وەنایەڵن هەموو شەوەکە بخەون ... کاتێ پێغەمبەری خوا ﷺ نوێژی بەیانی کرد... بانگەوازی تەوبەکەی بەسەر خەڵکیدا ڕاگەیاند ...خەڵکی ڕۆیشتن بۆ ئەوەی موژدەیان بدەنێ ... کعب ووتی: نوێژی بەیانیم کرد بوو لەسەر یەکێ لەسەربانی خانووەکەمان ... لەو کاتەی کە من دانیشتبووم بەو شێوەیەی کە خوای گەورە باسی دەکات.. دڵم تەنگ بوو بوو ... وە هیچ شتێك لای من لەو بایەخەدا نەبوو کە ئەگەر بمرم ئەوا پێغەمبەری خوا ﷺ نوێژم لەسەر ناکات ... یان ئەو بمرێ لەکاتێکدا لەناو خەڵکیدا لەو پلەو پایەدام ... چیتر کەس لەگەڵمدا قسە ناکات و

ئەگەر بمرم کەس لەسەرم نوێژ ناکات ... لەو کاتەی کە لەو حاڵەدا بووم ... گوێم لە دەنگی بانگەوازکارێ بوو .... لەسەر چیاکەوە بە دەنگی بەرز هاواری کرد ووتی: ئەی کعب ی کوڕی مالك مـوژدەم بـدەرێ ... یەکسـەر منـیش چوومە سوژدەوە زانیم کە خوای گەورەم دەرگای لێ کردمەوە وە کابرایەك بـە سـواری ئەسـپەوە بـەرەو لام هـات و یەکێك بەسەر چیاکەوە بانگی کرد، دەنگەکە لـە ئەسـپەکە بەپەلـە تـر بـوو کـاتێ ئـەوەی کـە گـوێم لـە دەنـگ بـوو موژدەی پێدام هات بۆ لام ... ئەو دوو کراسەی کەلەبەرم دابوو بە هۆی موژدەکەیەوە بە دیاری پێمدا ... سوێند بە خوا لەو دوو کراسە زیاترم نەبوو ... وەدوو کراسم قەرز کرد و لەبـەرم کـرد ... پاشـان ڕۆیشـتم بـۆ لای پێغەمبـەری خـوا ﷺ... خـەڵکی کۆمـەڵ کۆمـەڵ پێشـوازیان لـێ دەکـردم ... وە پـیرۆز بـاییم لـێ دەکـەن بـە هـۆی وەرگرتنـی تەوبەکەمەوە ... دەیانووت: پیرۆزبایی تەوبەکەت لێ دەکەین ... تاکو چوومە ژوورەوە بـۆ نـاو مزگـەوت سـلاوم لـە پێغەمبەری خوا ﷺ کرد.. پێغەمبـەری خـوا ﷺ ڕووی دەگەشـایەوە لـە خۆشـیدا ... چـونکە ئەگـەر شـتێك ڕووی بدایەو پێی خۆش بوایە ئەوا ڕووی دەگەشایەوە ... تاکو وات دەزانی ڕووی پارچـەیەکە لـە مانگەکـە ... پێـی ووتم: موژدە بۆ تۆ بە چاکترین ڕۆژ بەسەرتدا تێپەڕیوە لەو ڕۆژەوە کە لەدایك بوویتە ...ووتم: ئـەی پێغەمبـەری خـوا ﷺ لە لایەن تۆوە یان لەلایـەن خـوای گـەورەوە؟ ووتـی: نـەخێر بـەڵکو لـە لایـەن خـوای گـەورەوە پاشـان ئایەتـەکانی خوێندەوە کاتێ لەبەردەستیدا دانیشتم ووتم: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ لەبەشێك لە تەوبەکەم ئەوەیە کـە واز بهێـنم لە هەموو ماڵەکەم و بیکەمە (صەدەقە) بۆ خواو پێغەمبەرەکەی ﷺ... پێغەمبەری خوا ﷺ فـەرمووی: هەنـدێ لـە ماڵەکەت با لە لای خۆت بێت ئەوا باشترە بۆت ..ووتم: ئـەی پێغەمبـەری خـوا ﷺ خـوای گـەورە بەڕاسـتی ڕزگـاری کردم ... وە لەبەشێك لە تەوبەکەم ئەوەیە هەتا ماوم ڕاستگۆ بم.. بـەڵێ خـوای گـەورە لـە کعـب و دوو هاوەڵەکـەی خۆش بوو ... وە لەو پێناوەدا قورئانی دابەزاند کە تا هەتایە دەخوێنرێتەوە ...

خوای گەورە دەفەرموێ:

﴿لَقَد تَّابَ الله عَلَى النَّبِيِّ وَالْمُهَاجِرِينَ وَالأَنصَارِ الَّذِينَ اتَّبَعُوهُ فِي سَاعَةِ الْعُسْرَةِ مِن بَعْدِ مَا كَادَ يَزِيغُ قُلُوبُ فَرِيقٍ مِّنْهُمْ ثُمَّ تَابَ عَلَيْهِمْ إِنَّهُ بِهِمْ رَؤُوفٌ رَّحِيمٌ * وَعَلَى الثَّلاَثَةِ الَّذِينَ خُلِّفُواْ حَتَّى إِذَا ضَاقَتْ عَلَيْهِمُ الأَرْضُ بِمَا رَحُبَتْ وَضَاقَتْ عَلَيْهِمْ أَنفُسُهُمْ وَظَنُّواْ أَن لاَّ مَلْجَأَ مِنَ اللّهِ إِلاَّ إِلَيْهِ ثُمَّ تَابَ عَلَيْهِمْ لِيَتُوبُواْ إِنَّ اللّهَ هُوَ التَّوَّابُ الرَّحِيمُ﴾ [التوبة: ١١٧– ١١٨] .

واتە: سوێند بە خوا بە ڕاستی خـوا تەوبـەی قبـوڵ کـرد لـە پێغەمبـەرو ﷺ کۆچـبەران و پشـتیوانان، ئەوانـەی کـە شوێنی پێغەمبەر ﷺ کەوتن لە کاتی سەغڵەتی و تەنگانەدا (لە غـەزای تەبوکـدا)، دوای ئـەوەی کـە نزیـك بـوو دڵـی دەستەیەکیان لە خشتە بچێت و (بێـزاری دەربڕێـت)، لـەوەودوا تەوبـەو پەشـیمانی ئەوانیشـی قبـوڵ کـرد، چـونکە بەڕاستی ئەو پەروەردگارە بە سۆز و میهرەبانە لە گەڵیاندا * هەروەها تەوبەی ئەو سێ کەسەشی وەرگـرت کـە (لـە غەزای تەبوك) دواخران دوای ئەوەی کە زەوی چەندە فراوانە لێیان تەنگ بـۆوە، خۆیشـیان لـە خۆیـان بێزاربـوون، دڵنیاش بوون کە هیچ پەنایەك نییە (لە خەشم و قینی خوا بیانپارێزێت) جگە لەوەی خۆیان بدەنە پەنای ئـەو زاتـە، پاشان تەوبەی لێ وەرگرتن، تا تەوبە بکەن، بە ڕاستی هەر خوا تەوبە وەرگرو میهرەبانە .

## لە ناو سکی نەهەنگدا

هەموو خەڵكی لەكاتی تەنگانەدا یادی خوا دەكەن.. بەڵام كەسی وا هەیە یادی دەكات و گوێڕایەڵی دەكات .. ئەگەر تەنگانەكە بەسەرچوو.. ئەوا سەرپێچی دەكات و لە یادی دەكات.. بەڵام كەسی وا هەیە بەردەوام دەبێت لەسەر چاكەكاری و تەوبەكەی.. یونس (عليه السلام) بانگی قەومەكەی كرد بۆ ئیمان ئەوانیش پشتیان لێ كردو تەكەبوریان كردو خۆیان بەزل زانی .. ئەویش پەست بوو.. بۆیە سواری كەشتییەك بوو بە دەریادا رۆیشت.. كاتێ كە هەستیان كرد كەشتییەكە قورس بووە لەوە ترسان كە هەموویان نوقمی ئاو بن.. بۆیە زانیان كە دەبێت بارەكەی سووك بكەنەوە .. بەوەی كە یەكێ لەسەر نشینەكانی فڕێ بدەنە ناو دەریاكەوە.. بۆ ئەو مەبەستە تیرو پشك (قورعەیان) كرد چەند جارێك یونس(عليه السلام) دەردەچوو .. بۆیە خستیانە ناو دەریاكەوەو نەهەنگێك قووتیدا.. پاشان نەهەنگەكە چووە بن دەریاكە .. هەموو ئەم رووداوانە بەپەلە روویدا .. ئێستا (یونس)(عليه السلام) لە تاریكیدایە.. گوێبیستی دەوروبەری خۆی دەبێت.. تەنها ئەوە دەبیسێ كە بەردی بن دەریاكان (تەسبیحات)ستایشی خوایان دەكرد.. ئەویش دەستی بەگریان كردو هاواری كردە خوا:

﴿ فَنَادَى فِي الظُّلُمَاتِ أَن لَّا إِلَهَ إِلَّا أَنتَ سُبْحَانَكَ إِنِّي كُنتُ مِنَ الظَّالِمِينَ﴾ [الأنبياء: ٨٧].

واتە: جا لەناو تاریكایەكاندا، (تاریكایی شەو و دەریاو ناو سكی نەهەنگەكەدا) هاوارو نزای لێ بەرز بۆوە ووتی: پەروەردگارا ... هیچ خواو پەرستراوێكی حەق نییە كە شایانی پەرستن بێت جگە لە تۆ، پاكی و بێگەردی هەر بۆ تۆیە، بە راستی من لە ستەمكاران بووم (كاتێك بە بێ فەرمانی تۆ قەومەكەم بە جێهێشت) ..

وشەكانی لە دەرگای ئاسمانەكانی دا .. بۆیە دەرگای رزگار بوونی لێكرایەوە.. ئەمە هەواڵی (یونس) پێغەمبەرە (عليه السلام).. بەڵام (یونس)ەكەی ئەمڕۆ دەڵێت: من گەنجێك بووم وامدەزانی كە ژیان بریتییە لە سامانێكی زۆر.. جێگای نەرم و نیان.. ئۆتۆمبێلێكی جوان ، رۆژی هەینی بوو.. لەگەڵ كۆمەڵێك لە هاوەڵانمدا لەسەر كەناری دەریا دانیشتبووین.. ئەوان كۆمەڵێك گەنجی بێ ئاگا بوون گوێم لێ بوو بانگدەرەكە ووتی: حي على صلاة.. حي على الفلاح.. سوێند بەخوا.. لەهەموو ژیانمدا گوێم لە بانگ بووە .. بەڵام رۆژێك لە رۆژان نەمزانیوە مانای (فلاح) چییە.. شەیتان مۆری لەسەر دڵم دابوو.. تاكو وای لێهاتبوو وشەكانی بانگ دەتووت بە زمانێك دەووترێت كە من لێی تێ ناگەم.. خەڵكی بەدەورو پشتماندا بەرماڵەكانیان رادەخست..كۆ دەبوونەوە بەمەستی ئەنجامدانی نوێژەكانیان.. ئێمەش خەریكی ئامادە كردنی ئامێری نوقم بوونی ناو دەریاو بۆڕی هەوا بووین..بە مەبەستی خۆ ئامادە كردن بۆ گەشتێكی ژێر ئاو .. جل و بەرگی نوقم بونمان لەبەر كرد..چووینە ناو دەریاوە.. لەكەنار دوور كەوتینەوە..تاكو گەیشتینە ناوەڕاستی دەریا.. هەموو شتەكان ئاسایی بوون تاكو ئێستا گەشتیكی جوانە.. لەوپەڕی خۆشی و رابواردندا بووین .. لەناكاودا پارچەیەكی لاستیك بڕا كە مەلەوان بە ددانەكانی دەیگرێ و لێوی لەسەر دادەنێ.. بۆ ئەوەی رێگر بێت بە چوونە ژوورەوەی ئاو بۆ ناو دەم.. وە بۆ ئەوەی لە بۆڕییەكانەوە هەوای پێ بگات.. لە كاتی هەوا چوونە ناو سییەكانەوە بچڕا.. لە ناكاودا ئەو ئاوە سوێرە بۆڕی هەناسەدانی گرتم .. خەریك بوو دەمردم.. سییەكانم دەستی كرد بە هاوار كردن و پاڕانەوە..هەوای دەوێ.. هەر هەوایەك بێت.. منیش شڵەژام.. دەریایەكی تاریك.. هاوڕێكانم دوورن لێمەوە.. هەستم بەترسناكی هەڵوێستەكەم كرد.. من خەریكە دەمرم.. دەستم كرد بە هەناسەدان.. بەڵام ئاوی سوێر هەڵدەمژم.. كردەوەكانی رۆژانەم بەپێش چاومدا

تێدەپەڕین..لەگەڵ یەکەم هەناسەدا زانیم من چەندە لاوازم.. چەند دڵۆپە ئاوێکی سوێر خوای گەورە بۆی ناردووم بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ کە ئەو چەندە بەهێز و بەتوانایە.. باوەڕم هێنا کە **هیچ پەنایەك نییە لە خوا تەنها بۆ لای خۆی نەبێت**.. هەوڵم دا کە بە پەلە بجولێمەوە بۆ ئەوەی لە ئاوەکە رزگار بم بەڵام من لە قولاییەکی زۆردا بووم .. کێشە لەوەدا نییە من دەمرم ..بەڵام کێشە لەوەدایە چۆن دەگەمە خوای پەروەدگار؟ ئەگەر پرسیاری لێ کردم دەربارەی کردەوەکانم .. چی بڵێم؟ ئەوەی کە من پرسیار لە سەری دەکرێم نوێژە.. ئەی من وازم لە نوێژ هێنا بوو .. شایەتمانم کەوتە یاد .. ویستم کۆتایی ژیانم بە وتنی ئەو وشەیە بێت.. ووتم: أشهـ .... گەرووم پڕ لە ئاو بوو .. وەکو ئەوەی دەستێکی نادیار لەسەر ملم بێت رێگام لێ بگرێ بۆ ووتنی .. هەوڵێکی زۆرمدا .. أشهـ... أشهـ .. دڵم دەستی بە هاوار کرد و دەیووت: (ربی أرجعون) خوایە بمگەڕێنەوە .. خوایە بمگەڕێنەوە .. یەك کاتژمێر ... خولەکێك .. ساتێك.. بەڵام ئەوە زۆر دوورە .. هەستم بە لە دەستدانی هەموو شتێك کرد.. تاریکی یەکی نامۆ دەوری گرتم .. ئەمە دوا شتە کە لە یادمە .. بەڵام رەحمەتی خوا زۆر فراوانترە .. لە ناکاو جارێکی تر هەوا هاتەوە ناو سینگم.. تاریکی نەما .. چاوم کردەوە .. بینیم یەکێ لە هاوەڵانم بۆڕی هەواکەی خستووەتە سەر دەمم .. هەوڵ دەدا فریام بکەوێ وە ئێمەیش تاکو ئێستا لە ناوەڕاستی دەریاین .. بینیم بزەیەك بە روویەوە دیارە .. تێگەیشتم کە من باشم .. لەو کاتەدا دڵم هاواری کرد .. زمانم .. هەموو خانەیەك لە خانەکانی لەشم .. هاوارییان کرد و ووتیان: **أشهد أن لا اله الا الله واشهد أن محمدا رسول الله** .. **الحمد لله** .. لە ئاوەکە دەرچووم .. بەڵام من کەسێکی ترم .. تەماشاکردن و بۆچوونم بەرامبەر بە ژیان گۆڕا رۆژگار لە خوا زیاتر نزیکی دەکردمەوە .. هەستم بە نهێنی بوونم لە ژیاندا کرد .. ئەو ئایەتەم کەوتە یاد کە دەفەرموێت: (إلا ليعبدون) بەڵێ راستە .. ئێمە بە بێ هۆ دروست نەکراوین، رۆژگار رۆیشت .. ئەو رووداوەم کەوتە یاد .. بۆیە رۆیشتم بۆ سەر دەریاکە .. جل و بەرگی مەلەوانم لەبەر کرد .. پاشان رووم کردە ئاوەکە .. بە تەنها .. رۆیشتم بۆ ئەو جێگەی پێشوو لە ناوەراستی دەریا ... سوژدەیەکم بۆ خوا برد کە هەرگیز لە بیرم نییە لە ژیانمدا سوژدەی وام بردبێ .. لە جێگایەك کە باوەڕ ناکەم هیچ مرۆڤێك تاکو ئێستا لەوێ سوژدەی بۆ خوا بردبێ .. بەڵکو ئەو جێگایە لە رۆژی دوایی دا شایەتیم بۆ بدات و خوای پەروەدگار بەزەیی بە مندا بێتەوەو بەو سوژدەیە لە ناوەڕاستی دەریادا .. خوای گەورە بەهەشتمان بە قسمەت بکات .. اللهم آمین .

## ئەی ستەم و خراپەکارییەکانم؟!!

پەروەدگارمان بە بەزەییترە بەرامبەرمان لە دایك و باوکمان .. هەر لە فراوانی رەحمەتی ئەوە .. کە تەوبەی پێشنیار کردووە بەرامبەر بە هەموو کەسێك .. هەرچەندە ئەو کەسە هاوەڵ بۆ خوا دابنێ و کوفر بکات .. یان لە خۆ دەرچووەو تاوانی کرد بێت .. رەحمەتی خوا پێشکەشی کراوە ئەگەر وەری بگرێ .. وەدەرگای تەوبە کراوەتەوە لەبەر دەستیدایە .. تەماشای ئەو پیرەمێردە بە تەمەنە بکەن ... کە تەمەنی گەورە بووە .. پشتی چەماوەتەوە .. ئێسکەکانی لاواز بووە .. رووی لە پێغەمبەری خوا کرد ﷺ، کە ئەو رۆژێك لەناو هاوەڵەکانیدا بوو .. هەنگاوەکانی دەنا ... برۆکانی کەوتبوونە سەرچاوی .. خۆی داوە بەسەر دارێکدا .. هات .. تاکو گەیشتە لای

خۆشەویست ﷺ و لەبەر دەستیدا وەستاو بە دەنگێکی پڕ لە ئازارەوە ووتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ.. کابرایەك هەموو جۆرە تاوانێکی کردبێت ... هیچ تاوانێکی جێ نەهێشتبێ .. لە کاتێکدا هیچ تاوانێکی گەورەو بچووکی جێ نەهێشتووە .. ئەگەر تاوانەکانی دابەش بکەیتە سەر ئەهلی زەویدا ئەوا هەموویان بە هیلاکەتدا دەبات .. ئایا ئەوە بۆی هەیە تەوبە بکات؟ پێغەمبەری خوا ﷺ چاوی بەرز کردەوە بینی پیرەمێردێکی بە تەمەنو پشتی چەماوەتەوە .. وە کاری تێك چووە تاڵی رۆژگار و ساڵەکان بێ تاقەتی کردووەو شەهەوات و ئازارەکان بە هیلاکەتدا بردوویەتی .. پێغەمبەری خوا ﷺ پێی ووت: ئایە تۆ موسڵمان بوویت؟ ووتی: بەڵێ من شایەتی دەدەم که (لا الـه الا الله وانك رسول الله) .. پێغەمبەری خوا ﷺ ووتی: چاکە بکەو واز لە خراپە بهێنە ئەوا خوای گەورە هەموو ئەوانەت بۆ دەکاتە خەیرو چاکە .. پیرەمێردەکە ووتی: ئەی ستەمەکان و خراپەکارییەکانم .. ووتی: بەڵێ ... پیرەمێردەکە هاواری کرد.. الله اکبر .. الله اکبر ..الله اکبر .. هەر بەردەوام بوو لە ووتنی الله اکبر تاکو لە چاو بزر بوو[٣] ...

## ئایا دەیخەیتە ناو ئاگرەوە؟!

خوای گەورە بە بەزەییە بەرامبەر بە بەندەکانی .. لە باوك و دایکیان زیاتر.. لە هەردوو کتێبی (الصحیح)[٤] دا هاتووە .. کاتێ کە پێغەمبەری خوا ﷺ لە جەنگی (هوازان) بووەوە .. لە پاش جەنگەکە منداڵ و ژنی کافرەکانیان هێناو لە جێگایەکدا کۆیانیان کردەوە .. پێغەمبەری خوا ﷺ رووی لێیان کردو بینی .. ئافرەتێك لەوان .. دایکی منداڵە .. بە شوێن منداڵەکەی .. جگەر گۆشەکەیدا دەگەڕا حاڵی تێك چووە .. راستی لێ تێك چووە ... موصیبەتەکەی لەسەر گران بووە .. بەسەر منداڵە شیرە خۆرەکاندا دەسوڕێتەوە .. تەماشای دەموچاویان دەکات .. خەریکە مەمکەکانی دەبچڕێن بە هۆی فشاری ئەو هەموو شیرەوە .. خۆزگەی دەخواست کە ئێستا منداڵەکەی لەبەر دەستیدا بوایە .. توند لە ئامێزی بگرێ .. بۆنی ئەو بکات .. ئەگەر چی لەو پێناوەدا ژیانی خۆی لە دەست بدات .. ئەو کاتەی ئەو خەریکی ئەو کارە بوو .. منداڵەکەی دۆزییەوە .. کە ئەوی بینی فرمێسکەکانی وشك بووەوە .. راستی بۆ گەڕایەوەو هاتەوە سەرخۆ .. پاشان خۆی دا بەسەر منداڵەکەدا، خۆی خستە نێوان هەردوو دەستی .. وە منداڵەکەیش برسی و ماندوو بوو .. دەگریاو دەپاڕایەوە .. ئەویش لە ئامێزی خۆی گرت و ماچی دەکرد .. پاشان توند نوساندی بە سنگی خۆیەوە .. وە مەمکی لە دەم نا .. کاتێ کە پێغەمبەری خوا ﷺ ئەوەی بینی .. کە چەندە ماندووەو موصیبەتەکەی هێندە گەورەیە و تامەزرۆی بینینی منداڵەکەی زۆری پێ چوو بوو .. موصیبەتەکەیان زیاتر بوو .. کاتێ کە زەلیلی ئەو ئافرەتەی بینی و دڵشکاوی و موصیبەتەکەی بە هۆی منداڵەکەیەوە .. رووی کردە هاوەڵانی و ووتی: ئەو ئافرەتەتان بینی.. ئایا منداڵەکەی خۆی فڕێ دەداتە ناو ئاگرەوە؟ .. واتە: ئەگەر ئێستا ئاگرێك بکەینەوەو فەرمانی پێ بکەین کە منداڵەکەی فڕێ بداتە ناو ئاگرەکەوە ..

---

(٣) (رواه الطبراني والبزار، وقال المنذري اسناده جيد قوي، وقال ابن حجر هو على شرط الصحيح).

(٤) (متفق عليه، وانظر: مشكاة المصابيح: ٢٣٧٠).

ئایا رازی دەبێت؟ هاوەڵان سەرسام بوون .. چۆن فرێی دەداتە ناو ئاگرەوە!!؟؟ لە کاتێکدا ئەو جگەر گۆشـەیەتی و بەرهـەمی دڵێتـی .. چـۆن فرێـی دەدات؟؟!! ئـەو ماچـی دەکـات و لـە ئـامێزی گرتـووە .. دەم و چـاوی بـە فرمێسکەکانی دەسڕێ چۆن فرێی دەدات؟ ئـەو دایکێکی بـە بەزەییـەو دایکێکی بـە میهرەبانـە .. ووتیـان: نـەخێر سوێند بە خوا ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ فرێی ناداتە ناو ئاگرەوە .. ئەویش دەتوانێ کە فرێی نـەدات ..پێغەمبـەری خوا ﷺ فەرمووی: **واللە خوای گەورە لەو ئافرەتە میهرەبانترە بەرامبەر بە بەندەکانی ..**

## لە نەخۆشخانە

چوومە ژوورەوە بۆلای نەخۆشێك لە نەخۆشخانە .. کاتێ کە نزیکی بوومەوە بینیم کابرایـەکی تەمـەن چـل سـاڵە .. ڕوویەکی زۆر جوان و، باڵایەکی ڕێکوپێکی هەبوو .. بەڵام لەشی تووشی شەلەل هاتبوو .. بە قەد یەك گەردیلـە لێـی نەدەجولایەوە، تەنها سەرو هەندێك لە ملی نەبێت .. چوومە ژوورەکـەی لـە کاتێکـدا کـە زەنگـی تەلەفۆنەکـەی لێـی دەدا .. بـانگی کـردم و ووتـی: مامۆسـتا تکایـە بگـە بـە تەلەفۆنەکـە تـاکو پەیوەندییەکـە نەبچـڕاوە .. هیـدفۆنی تەلەفۆنەکەم بـەرز کـردەوەو لـە گـوێی نـزیکم کـردەوە و سـەرینێکم دانـا بـۆ ئـەوەی هیدفۆنەکـە بگـرێ .. هەنـدێك چاوەڕوان بووم تاکو پەیوەندییەکەی تەواو کرد، پاشان ووتی: ئەی مامۆستا .. هیدفۆنەکـە بگەڕێنـەوە جێـی خـۆی .. منیش گەڕاندمەوە جێگەی خۆی، پاشان لێم پرسی .. ماوەی چەندە تۆ بـەم شـێوەیەی؟ ووتـی: مـاوەی بیسـت ساڵە .. بیست ساڵە گیراوی ئەم شوێنەم ..

<u>کەسێکی ڕێزدار بۆی باس کردم و ووتی:</u>

لە نەخۆشخانە بە تەنیشت ژوورێکەوە تێپەڕیم.. بینیم کە نەخۆشێك بە بەرزترین دەنگ هاواری دەکرد .. کـە دڵ و جەرگی دەبڕی، ئەو کابرایە ووتی: چوومە ژوورەوە بۆلای ..کابرا لەشی شەلەل بووەو لەسەر جێگایـەك کـەوتووە .. هەوڵ دەدات کە ئەم دیو و ئەو دیو بکات کەچی ناتوانێ .. پرسیارم لە پەرستیارەکە کرد .. هۆی هـاوار کردنەکـەی چییە؟ ووتی: ئەم کابرایە توشی شەلەلێکی تەواوو تێکچوونی ڕیخۆڵەکانی بووە .. لە پاش هەموو کاتێکی خـواردنی نیوەڕۆ یان ئێوارە توشی خراپی هـەرس دەبێـت .. پـێم ووت: خـواردنی قورسـی مـەدەنێ .. گۆشـت و برنجـی پـێ مەدەن .. برین پێچەکە ووتی: دەزانـی چـی پـێ دەدەیـن؟ سـوێند بـە خـوا .. تـەنها شـیری پـێ دەدەیـن، ئـەویش لەڕێگای بۆڕییەکەوە کە لە لووتیەوە دەگاتە گەدەی ئەم هەموو ئازارە بۆ ئەوەیە کە ئەو شیرە هەرس بکات ..

<u>یەکێکی تر ووتی:</u>

بە تەنیشت ژووری نەخۆشێکەوە تێپەڕیم کە ئەویش شەلەل بوو .. هیچ ئەندامێکی بەهیچ شـێوەیەك ناجولێتـەوە .. ووتی: بینیم نەخۆشەکە بانگی ئەوانـە دەکـات کـە تێدەپـەڕن .. چـوومە ژوورەوە .. بینـیم پـارچـە دارێـك لەپێشـی

دانراوەو قورئانێکی لەسەرەو کراوەتەوە .. ئەم نەخۆشە بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێکە .. هەر کە لە خوێندنەوەی دوولاپەڕە ببێتەوە .. دووبارەی دەکاتەوە، کاتێ کە تەواوی بکات دیسان دووبارەی دەکاتەوە .. چونکە ئەو ناتوانێت بجولێتەوە بۆ ئەوەی لاپەڕەکە ئەم دیو و ئەو دیو بکات .. وە کەسیش نەبوو کە یارمەتی بدات .. کاتێ کە لە پێشی وەستام پێی ووتم: ئەگەر زەحمەت نەبێت .. ئەم لاپەڕەیەم بۆ هەڵگەڕێنەوە، منیش هەڵم گەڕاندەوە بۆیە ڕووی گەشایەوە .. پاشان ڕووی کردە قورئانەکەو دەستی کرد بە خوێندنەوە .. منیش لەبەر دەستی ئەودا دەستم بە گریان کرد .. سەرسام بووم لە سوور بوونی ئەو و بێ ئاگایی ئێمە ..

**یەکێکی تر بۆی گێڕامەوە:**

کە چوومە ژوورەوە بۆلای کەسێکی پەککەوتووی شەلەل لە یەکێ لە نەخۆشخانەکان .. تەنها سەری دەجولێتەوە .. کاتێ حاڵی ئەوم بینی بەزەییم پێدا هاتەوەو ووتم: خۆزگە بە چی دەخوازی؟ .. نەخۆشەکە ووتی: من تەمەنم نزیکەی چل ساڵە .. وە پێنج کوڕم هەیە بۆ ماوەی حەوت ساڵە من لەسەر ئەم جێگەم .. خۆزگەی ئەوە ناخوازم کە ڕێ بکەم، وە خۆزگەی ئەوە ناخوازم کە کوڕەکانم ببینم و وەکو خەڵکی بژیم، بەڵام تەنها خۆزگەی ئەوە دەخوازم کە بتوانم نێو چەوانی خۆم بخەمە سەرزەوی .. وە زەلیلی خۆم بەرامبەر بە **(رب العالمين)** دەربڕم .. وە سوژدەی بۆ ببەم کە چۆن خەڵکی دەیبات ..

**وە یەکێ لەپزیشکەکان بۆی باس کردم:**

(کە ئەو چووەتە ژوورەوە بۆلای نەخۆشێك لە ژووری بووژانەوە) .. بینیم کە پیرەمێردێکی بە تەمەنە .. لەسەر جێگایەکی سپی ڕاکشاوە .. ڕووی ڕووناکی لێ دەبارێ .. هاوڕێکەم ووتی: تەماشایەکی فایلەکەیم کرد .. بینیم کە ئەو نەشتەرگەری دڵی بۆ کراوە .. لەکاتی نەشتەرگەرییەکە تووشی خوێن بەربوون بووە ..بووەتە هۆی وەستانی خوێنەکەی لە چەند جێگایەکی مێشکیدا، بۆیە تووشی بوورانەوەیەکی تەواو بووە .. بینیم چەند ئامێرێکی پێ گەیەندراوەو لەسەر دەمی ئامێرێکی هەناسەدان دانراوە .. کە پاڵی هەوا دەنێ بۆ سییەکانی .. وە یەکێ لە کوڕەکانی بە تەنیشتیەوە بوو پرسیاری ئەوم کرد .. پێی ووتم: کە باوکی چەند ساڵێکە بانگدەری یەکێك لە مزگەوتەکانە .. پاشان منیش تەماشایم دەکرد .. دەستەکانیم جووڵاندەوە .. چاوەکانیم جووڵاندەوە .. قسەم لەگەڵدا کرد .. کەچی نازانێ من باسی چی بۆ دەکەم بە هیچ شێوەیەك .. تەندروستی ئەو زۆر خراپ بوو .. کوڕەکەی لەگوێی باوکی نزیك بووەوەو قسەی لەگەڵدا دەکرد.. ئەویش ئاگای لە هیچ نییە .. کوڕەکەی ووتی: ئەی باوکی خۆم .. تەندروستی دایکم باشە .. براکانم باشن .. وە خاڵم لە سەفەرەکەی گەڕایەوە .. کوڕەکەی بەردەوام بوو لە قسەکردن، کەچی کارەکە هەروەکو خۆی وایە .. پیرەمێردەکە ناجووڵێتەوە .. ئامێرەکە تەنها پاڵی نۆ هەناسە دەدات لە خولەکێکدا لە ناکاو کوڕەکەی ووتی: مزگەوتەکە تامەزرۆی تۆیە.. وە ئێستا کەس بانگی تیادا نادات تەنها فلان کەس نەبێت .. وە لە بانگەکەدا هەڵە دەکات .. وە جێگات لە مزگەوتەکەدا خاڵییە .. کاتێ کە باسی مزگەوت و بانگی کرد سنگی پیرەمێردەکە تێکچوو .. دەستی بە هەناسەدان کرد .. منیش تەماشای

ئامێرەکەم کرد بینیم بەرز بووەوە بۆ هەژدە هەناسە لەیەك خولەکدا .. وە کوڕەکە ئاگای لێ نییە .. پاشان کوڕەکەی ووتی: ئامۆزاکەم ژنی هێناو براکەم خوێندنی تەواو کرد .. جارێکی تر پیرە مێردەکە هێور بووەوەو گەڕایەوە بۆ نۆ هەناسە لە خولەکێکدا .. کە ئامێرەکە پاڵی دەنێت .. کاتێ ئەوەم بینی ڕوووم لێکرد تاکو لەسەر سەری ڕاوەستام .. دەستەکانیم جووڵاندەوە .. چاوەکانیم جووڵاندەوە .. هیچ نییە هەموو شتێك بەبێ جووڵەیەو هیچ وەڵامم ناداتەوە سەرسام بووم .. دەمم لەگوێی نزیك کردەوەو ووتم: الله أكبر .. حي على الصلاة .. حي على الفلاح .. وەمنیش تەماشای ئامێری هەناسە دانەکەم کرد بینیم دیسان بەرز بووەوە بۆ هەژدە هەناسە لەیەك خولەکدا .. ئافەرین بۆ خۆیان لە چ نەخۆشییەکدان! .. بەڵکو سوێند بەخوا ئێمە نەخۆشین .. بەڵێ ﴿رِجَالٌ لَّا تُلْهِيهِمْ تِجَارَةٌ وَلَا بَيْعٌ عَن ذِكْرِ اللَّهِ وَإِقَامِ الصَّلَاةِ وَإِيتَاءِ الزَّكَاةِ يَخَافُونَ يَوْمًا تَتَقَلَّبُ فِيهِ الْقُلُوبُ وَالْأَبْصَارُ﴾ [النور: ٣٧] .

واتە: پیاوانێك ستایشی خوا دەکەن لەو مزگەوتانەدا کە بازرگانی و کڕین و فرۆشتن سەرگەرمیان ناکات و غافڵ نابن لە یادی خواو ئەنجامدانی نوێژەکان و بەخشینی زەکات و لە ڕۆژێك دەترسن کە دڵان و چاوان تیایدا ئاوەژوودەبن (لە ترس و هەیبەتی ئەو ڕۆژە) .

ئەوە حاڵی ئەو نەخۆشخانەیە .. ئەی تۆ؟ .. ئەی ئەو کەسەی کە لە هەموو دەردو نەخۆشییەك ساغ و سەلامەتی .. ئەی ئەو کەسەی کە پێویستیت بە چارەسەر بوون نییە .. ئەی ئەو کەسەی کە لە نێو نیعمەتەکاندا دەسوڕێیتەوە .. وە لە ناخۆشییەکان ناترسیت .. خوا چی پێت کردووە کە بە سەرپێچی فەرمانەکانی ڕووبەڕووی دەبیتەوە .. بەچی شتێك ئازاری تۆی داوە؟ ئایا نیعمەتەکانی بەسەرتەوە یەك لە دوای یەك نییە؟ وە فەزڵ و چاکەی بەسەرتەوە لە ژماردن نایەت .. ئایا ناترسیت؟.. سبەینێ لەبەر دەستی خوادا ڕاوەستێنرێیت .. پێت دەڵێت: ئەی بەندەکەم لەشێکی ساغم پێت نەبەخشی؟ ئەی ڕزق و ڕۆزی تۆم فراوان نەکرد؟ وە چاو و گوێم پێت نەبەخشی؟ تۆیش دەڵێیت: بەڵێ .. دیسان خوای پەروەردگار لێت دەپرسێت: ئەی بۆ سەرپێچی فەرمانەکانی منت کرد بە نیعمەتەکانی خۆم .. وە خۆت خستە بەر توڕەیی من .. لەو کاتەدا هەموو خراپەکانت لەبەر چاو خەڵکی بڵاو دەکرێتەوە .. وە تاوانەکانت نیشان دەدرێت .. دەی تاوان تیاچێت چەندە شوومن!! .. چەند ترسناکییەکەی مەزنە!! .. ئایا چ شتێك باوکمانی لە بەهەشت دەرکرد، تەنها تاوانێك نەبێت لە تاوانەکان، ئەی چ شتێك (قەومی نوح)ی نوقمی ئاو کرد جگە لە تاوان نەبێت .. ئەی چی شتێك قەومی (عاد) و (ثمود)ی بە هیلاکەتدا برد تەنها تاوان نەبێت .. ئەی چی شتێك ماڵی بەسەر (قەومی لوط) دا هەڵگەڕاندەوەو سزایەکی پەلەی (قەومی شعیب)ی دا و بەردی باران بەسەر (أبرهە)دا و ئەو سزا سەختەی توشی (فیرعەون) کرد .. تەنها سەر پێچی و تاوان نەبێت ..

## لە ناو ڕووبارەکانیدا مەلە دەکات

(ماعزی کوڕی مالك) پیاوێك بوو لە هاوەڵانی خۆشەویست ﷺ .. ژنی هێنابوو، وە لە شاری مەدینە نیشتەجێ بوو .. ڕۆژێك شەیتان لە خشتەی برد .. بە جارییەی کابرایەکی (أنصاری) .. خەڵەتاندی .. دوو بەدوو بوونەوەو لە چاوی خەڵکی ونبوون .. شەیتان سێهەمیان بوو .. بەردەوام جوانکاری بۆ هەردوولا دەکرد .. تاکو کەوتنە ناو حەرامەوە .. کاتێ کە (ماعز) لە تاوانەکەی بووەوە .. شەیتانی لێ دوورکەوتەوە، دەستی بە گریان کردو سەر

زەنشتی خۆی دەکرد .. وە لۆمەی خۆی دەکرد .. وە لە سزای خوا ترسا .. وە ژیانی لێ تەنگ بوو .. وە تاوانەکەی لە هەموو لایەکەوە دەوری لێ دابوو .. تاکو تاوان دڵەکەی سوتاند بوو .. بۆیە هات بۆ لای پزیشکی دڵان ﷺ .. وە لەبەر دەستیدا ڕاوەستاو .. لەبەر گەرمی و گەورەیی تاوانەکەی هاواری کردو ووتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ.. زینام کرد .. پاکم بکەرەوە، پێغەمبەری خوا ﷺ ڕووی لێنەکردو ڕووی هەڵگەڕانەوە لایەکی ترەوە .. ئەویش چووە ئەولایەوەو ووتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ من زینام کردووە پاکم بکەرەوە .. پێغەمبەری خوا ووتی: تیابچیت.. بگەڕێوە .. داوا لە خوا بکە کە لێت خۆش بێت و تەوبە بکە .. ئەویش گەڕایەوە .. بەڵام زۆر دوور نەکەوتەوە .. کەچی ئارامی نەگرت .. بۆیە گەڕایەوە بۆلای پێغەمبەری خوا ﷺ و پێی ووت: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ پاکم بکەرەوە .. پێغەمبەری خوا ﷺ ووتی: تیابچیت.. بگەڕێوەو داوای لێخۆشبوون بکە و تەوبە بکە .. دیسان گەڕایەوە، بەڵام دوور نەکەوتەوە .. دیسان گەڕایەوە بۆ لای پێغەمبەری خوا ﷺ و ووتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ پاکم بکەرەوە .. پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: هاوار بۆخۆت .. ئایا دەزانی زینا چیە؟ پاشان فەرمانی کرد کە دەری بکەنە دەرەوە .. بۆ جاری دووەم هاتەوە .. ووتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ زینام کردووەو پاکم بکەرەوە، فەرمووی: هاوار بۆخۆت.. ئایا دەزانی زینا چیە؟ دیسان فەرمانی کرد کە دەری بکەنە دەرەوە .. بۆ جاری سێهەم و چوارەم بەم شێوەیە .. کاتێ کە زۆر دووبارەی کردەوەو پێغەمبەری خوا ﷺ بە کەس و کاری ووت: ئایا ئەم کابرایە شێت نییە؟ فەرموویان: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ نەمانزانیوە کە هیچ کەم و کوڕییەکی هەبێت .. فەرمووی: ڕەنگە مەی خواردبێتەوە .. بۆیە پیاوێك هەستاو بۆنی دەمی ئەوی کرد، کەچی بۆنی مەی لێ نەدەهات، خۆشەویست ﷺ فەرمووی: ئایا دەزانی زینا چییە؟ ووتی: بەڵێ چوومە لای ئافرەتێکەوە بە حەرام .. هەروەکو چۆن پیاو دەچێتە لای خێزانی خۆیەوە بە حەڵاڵی .. پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ئێستا بەم قسانەت چیت دەوێت؟ ووتی: دەمەوێ پاکم بکەیتەوە .. پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: بەڵێ .. فەرمانی کرد کە بەرد باران بکرێت .. بۆیە بەرد باران کرا تاکو مرد.. کاتێ کە نوێژی لەسەر کراو نێژرا .. پێغەمبەری خوا ﷺ بە تەنیشتیەوە لەگەڵ هەندێ لە هاوەڵانیدا تێپەڕی .. پێغەمبەری خوا ﷺ گوێی لێبوو کە دوو پیاو لە هاوەڵانی .. یەکێکیان بەوی تر دەڵێت: تەماشای ئەمە بکە .. کە خوای گەورە تاوانەکەی شاردەوە .. بەڵام خۆی وازی نەهێنا تاکو بەرد باران کرا وەکو سەگ .. پێغەمبەری خوا ﷺ بێدەنگ بوو .. پاشان ماوەیەك ڕۆیشتن .. تاکو بە تەنیشت گوێدرێژێکی تۆپیودا تێپەڕین .. کە ڕۆژ سووتاند بووی تاکو ئاوسا بوو، وە هەردوو پێی بەرز بووەوە .. پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: کوان فلان و فلان؟ ووتیان: ئێمە لێرەین ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ .. فەرمووی: لە لاکی ئەو گوێدرێژە بخۆن .. ووتیان: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ.. خوا لێت خۆش بێت .. کێ ئەمە دەخوات؟ پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ئەوەی ئەنجامتان دا دەربارەی براکەتان پێش کەمێك .. لە خواردنی مردارەوە بوو خراپترە .. بەڕاستی ئەو تەوبەیەکی کردووە ئەگەر دابەش بکرێتە سەر ئۆممەتێکدا ئەوا بەشی دەکردن .. سوێند بەو خوایەی کە گیانی منی بە دەستە .. ئەو ئێستا لەناو ڕووبارەکانی بەهەشتدا مەلە دەکات ..

موژده بۆ(ماعز ی کوڕی مالك) .. بەڵێ زینای ئەنجام دا .. وە پەردەی نێوان خۆیی و خواکەی دڕاند، بەڵام ئەو تەوبەیەکی کرد ئەگەر دابەش بکرێتە سەر ئوممەتێکدا بەشی دەکردن[٥] ...

## گۆرانی بێژ

لەسەر پەنجەرەکە راوەستا بووم بەچاوە فرمێسکاوییەکانی چاودێری دەکردم...بەدەستەکانی ئیشارەتی بۆ دەکردم .. تاڵییەکانی رۆژگار لاوازی کردبوون...وشەکانی بچربچر دەووت...تاکو گریان زاڵبوو بەسەریدا...ئەو دەستی بە گریان کرد...راوەستام تەماشایم دەکرد ناڵەو فیغانی دەگەیشتە بەر گوێم...بەڵام ئەو هەموو تاوانەی کە لەسەر سنگم کۆبوونەتەوە بوونەتە بەربەستێك لەنێوان ئەو و گەیشتن بە دڵە ڕەقەکەم هیچ بەزەییم بە پاڕانەوەکەیدا نەهاتەوە لەگەڵ ئەودا بمێنمەوە...وەپەیوەندی بکەم بە زانکۆوە لە هەمان شار... خۆپەرستی...خۆویستی...گەڕان بە دوای بەناو ئازادیدا...خاوەنی کەسایەتییەکی سەربەست و سەربەخۆ...بەڵکو شەهوات و لەزەتەکان ... وەشەیتانەکان لە جن و مرۆڤ ...پشتیوانی یەکتر دەکەن... هەڵاتن لە ئامۆژگاری و تەمێکانی...لە سۆزو میهرەبانییەکەی... ئەو لەوە دەترسا کە لە ڕێگە لابدەم...بەجێمهێشت لە کاتێکدا ڕاوەستا بوو خوا حافیزی لێدەکردم.... من لە بەرچاو ون بووم بەڵام ئەو لە جێگەی خۆی نەجوڵایەوە... خوا حافیز دایە گیان... وە چیتر گوێم لێنەبووە لە کاتی دەرچوونمەوە: لەپارێزگاری خوادا بیت کوڕم... بۆکوێ کوڕم... وە لەوێ چیتر گوێم لێ نەبوو: کوڕم بۆ دواکەوتیت؟ منیش چوومە نێو ژیانی خۆشگوزەرانی و زیادەڕەوی... ژیانی بێئاگا بوون و نوقم بوون لەناو تاوان و گوناهەکان... دەنگی خۆش...هاوڕێ خراپەکانم مەغروریان کردبووم گۆرانیان لا جوان کردبووم...دەستم کرد بە گۆرانی وتن... وشەیتاکان لە مرۆڤ بە وشەی سوپاس و دەست خۆشی کە لە دڵی دەدام رووبەرووم دەبوونەوە... تاکو ئەو رۆژە هات کە بانگهێشت کرام لەسەر شانۆ گۆرانی بڵێم... بۆیە ماوەیەکی ترسناکم بردە سەر...چونکە تا ئێستا شەرم لە دڵمدایەو هەندێ جێگای داگیر کردووە... چەند ساتێك لە نێو ڕازی بوون و ڕازی نەبووندا ژیام... دڵەکەم گلەیی لێ دەکردم: (نەخێر تۆ وەك ئەوان نیت لەسەر شانۆ وەکو خراپەکاران گۆرانی بڵێی...لە لایەکی ترەوە نەفسەکەم لۆمەم دەکات و گلەیی دەکات (ئەمە هەلێکە لەدەستی مەدە... تۆ دەبیتە کەسێکی بەناوبانگ) لەپاش ماندوو بوون و دوودڵی ڕازی بووم.....سەرکەوتمە سەر شانۆ هێشتا شەرم هەندێکی ماوە...بەڵام لەگەڵ یەکەم وشەی گۆرانیدا... باری کرد... هۆڵەکە بە مۆسیقا دەلەرییەوە...وە لاشەکان شەهوەتی لێ دەتکا... وشەی سوپاس گوزاری و پیا هەڵدان هانی دەدام کەبەردەوام بم... هەر کاتێك کە بمویستایە بێدەنگ بم... ئەو شەوە رۆیشت هەرچی ئیمان بوو لەگەڵ خۆیدا بردی... هاوڕێی خراپ لە دەورم زۆر بوون... بانگکردنەکانم زیادی کرد لە هۆڵێکەوە دەڕۆیشتم بۆ هۆڵێکی تر...لە نێوان جۆرەها تاواندا دەسوڕامەوە...

(٥) بنەمای ئەم چیرۆکە لە هەردوو کتێبی (صحیح) دایەو وە بەکۆی هەموو ڕیوایەتەکان کۆم کردۆتەوە (وە تەماشای: مشكاة المصابيح: ٣٥٦٢) بکە.

شەو مانەوەی تایبەتی و گشتی ... ڕۆژێك بانگهێشت کرام بۆ بەشداری کردن لە ئاهەنگێکی گۆرانی لە یەکێ لە کۆشکەکاندا ...هەندێ گۆرانیم پێشکەش کرد کە لەگەڵ جەماوەردا تێکەڵ بوو بە ڕاستی من ئەستێرەیەك بووم بەرەو گۆڕەپانی هونەر... لەپاش ئەم ئاهەنگە لەلایەن یەکێ لە هونەرمەندانەوە بانگهێشت کرام .. پێشنیاری ئەوەی کردو حەزی لەوەیە کە وەکو هونەرمەندێك چاوی لێم بێت و بایەخم پێ بدات... بەڵێنی کات و شوێنێکم لێ وەرگرت بە مەبەستی یەکتر بینین.. لە گەڵ یەکێ لە هونەرمەندە بەناوبانگەکان لە ڕێگای بریکاری کاروبارەکانی... بەمەبەستی ڕێك کەوتن لەو بارەیەوە... وە بەڵێنەکەم ڕۆژی پێنج شەممە بوو... ڕۆژگار بەپەلە دەڕوات... پێش بەڵێنەکە بە دوو ڕۆژ گەڕامەوە بۆ لای کەس و کارم بەمەبەستی بەشداری کردن لەگەڵ ئەواندا بۆ هەندێ بۆنە...جولآنەوەیەکی بەردەوام لە ماڵەکەماندا بەدی دەکرا... ڕۆژی پێنج شەممە براکەم ژن دەهێنێ... وە ڕۆژی چوار شەممە دووان لە خوشکەکانم مارە دەبڕێن ... دایکم وەکو هەنگ وابوو... لە جێگایەکەوە دەڕۆیشت بۆ جێگایەکی تر... خەریکە لەم دونیایەدا جێگای نابێتەوە لە خۆشیدا... نزاو پاڕانەوە دووبارە دەکاتەوە... خۆشییەکی زۆر لەسەر لێوەکانی بوو... ئەگەر بەسەر هەموو خەڵکیدا دابەش بکرایە ئەوا هەموو پێدەکەنین...شەو دەدا بەدەم ڕۆژەوە... بۆ خۆشییە گەورەکە خۆی ئامادە دەکات... بۆ هەموو شتێك دڵنیا دەبوو... هیچ شتێکی بچووکی نەدەهێشت ئیللا پرسیاری لە بارەوە دەکرد... بە پەلە ڕۆژی چوار شەممە هات... ئەو ناخۆشییەی لەگەڵ خۆیدا هێنابووی... کە ڕێڕەوی ژیانمی گۆڕا... ئەو کۆسپەو ناخۆشییە لە بێئاگاییەوە بە ئاگای هێنامەوە... دڵە مردووەکەمی زیندوو کردەوە... ئەو ناخۆشییە هات لە نێو زەلکاوی پیسدا دەریهێنام..زەلکاوی زەلیلی...زەلکاوی گۆرانی و مۆسیقا... دایکم مرد...چۆن؟! نازانم گرنگ ئەوەیە دایکم مرد... لەپاش ئەوەی بەشداری لەگەڵدا کردین بۆ ڕابواردنی چەند ساتێکی خۆش... کەمێك ماندوو بوو... بەلاشە لاوازەکانی خۆی خستە سەر جێگە... وەکو کەسێك بڵێت: خوا حافیز ڕۆڵەکانم... چیتر ئێوە گەورە بوون... خۆشییەکان گۆڕان بەغەم و پەژارە... ڕوویەکی بێدەنگ... زۆر سەرسوڕمانی پێوە دیار بوو وە ئەو کۆسپە هەمووی بێدەنگ کردبوو...هیچ شتێك نابینیت تەنها فرمێسکەکان هەڵدەڕژێن... دڵەکان دەلەرزین... وەهیچ شتێك نابینی تەنها ناڵە و فیغان نەبێ کە لە هەموو سوچێکی ماڵەوە دەردەپەڕێت... هەموو شتێك دەگریا و شیوەنی دەکرد... تەنها دایکم نەبێت... لەسەر جێگەکەی خۆی کەوتبوو... نازانێ چی بەدەوریدا ڕوو دەدات... جەنازەکەیان ئامادە کرد... دەستیان کرد بە شۆردنی ... لەپاش شوشتن چوومە ژوورەوە بۆ لای... بۆ دوا جار تەماشایەکی ئەوم کرد... ڕووی زۆر بێدەنگ بوو... هەر وەکو چۆن لەژیاندا بوو...تەماشایەکی دەمی ئەوم کرد... چاوەکانی.. دەستەکانی... دوێنێ قەدەغەی دەکردم کە لەیەك جیا ببینەوە چونکە لەوە دەترسا تووشی خراپەکاری ببم... ماچم کرد... گریام... خوشکەکانم لەدەورم بوون گریان... لە ژووری شوشتنەکە دەریان کردم... چەند کاتژمێر بەپەلە ڕۆیشت... ئاگام لەخۆم نەما... کاتێك نەبێت کە لە ڕیز وەستاوم بە مەبەست نوێژ کردن لەسەر دایکم... لاشەیەکی بێدەنگ .. ئیمامەکە دەڵێت: اللە اکبر...اللە اکبر...بە هەموو ئەندامانی جەستەم دوعام بۆ دەکرد... داوام کرد لە خوا کە لە کەمتەرخەمی من بەرامبەر ئەو خۆش بێت.. لە گەڵ ئەوانەی کە جەنازەکەیان هەڵگرت... منیش هەڵم گرت بەرەو گۆڕستان بەرێ کەوتین... بەدەستی خۆم خۆڵم دەکرد بەسەر لاشەکەیدا... خوایە گیان دامەزراوی بکە... ڕۆژ بە سەرچوو لەگەڵ ئەوانەی

هاتبوون بۆ پرسە... بەڵام شەو شتێکی تر بوو... هەر سەر لە ئێوارە چوومە ژوورەکەی خۆم... گڵۆپەکانم کوژاندەوە... خۆم فڕێدایە سەر جێگاکەم ... وێنەکانی ڕابوردوو پێش چاوم دەکەوتن دەنگی دایکم هەموو ئەو جێگایەی پڕ کردبوو... کوڕم هەستە... نوێژەکانت لە دەست دەرنەچێت... هاوڕێکانت لە مزگەوت چاوەڕوانی تۆن... کوڕم لەگەڵ مندا بمێنەوە... لێرە خوێندنەکەت تەواو بکە... سەفەر مەکە... کوڕم ئاگاداری خۆت بە... پەشیمانی و نەهامەتی... غەم و پەژارە هەموو لەسەر سنگم کۆبوونەتەوە... نەمدەتوانی هەناسە بدەم... چەندەها وێنە لەسەرپێچی فەرمانەکانی ئەو... وێنەی یادگارییەکانم بە پێش چاومدا تێدەپەڕین... ئەو ژیانی منی خۆشگوزەران دەکرد کەچی من ئەوم دەگریان.. یادم کردەوە... پاڕانەوەکانی... تکاکانی...مەڕۆ...وا مەکە... پەشیمانی و هەناسە هەڵکێشانی سەخت ئاه ه ه... من چەندە سەرپێچی فەرمانەکانی ئەوم دەکرد! !... بەگریانێکی تاڵ گریام...هەستام بۆ ئەوەی نوێژ بکەم بەڵام نەمتوانی نوێژ بکەم چونکە زمانم دەچوو بەیەکدا... فرمێسکەکانم هێندە گەرم بوون ڕەقی دڵمی تاواندەوە... سوژدەم بۆ خوا برد... بە فرمێسکەکانم جێگای سوژدەکەم تەڕ بوو... گریان و نوزەیەك کە هاودەمە لەگەڵ پاڕانەوەیەکی ڕاست کە لە ناخمەوە هەڵدەقوڵا... هەموو زەڕرەیەك لە زەڕرەکانی لەشم باوەڕی پێی هەبوو... بەڵێنم دا بەخوا کە لە پاش مردنی لەگەڵیدا باشبم و چاکەی لەگەڵدا بکەم... داوام لە خوا کرد کە دامەزراوم بکات ئەم نزایەم دووبارە دەکردەوە (**اللهم يا مقلب القلوب ثبت قلبي على دينك**) واتە: (پەروەردگارا ..ئەی ئەو خوایەی دڵەکان ئەمدیو ئەودیو دەکەیت دڵمان لە سەر دینەکەت دامەزراو بکە) لە نوێژەکەم بوومەوە ئینجا ڕووم لە رابوردووە تاڵەکەم کرد...لاپەڕەکان و دەفتەرەکانیم هەڵدەدایەوە... لێرە دەفتەرێك هەیە کە چەند گۆرانییەکی لە خۆ گرتووە... لێرە نامە هەیە... لەوێ وێنە... ئەمە کاسێتی گۆرانی تایبەتن... وە ئەمە کاسێتی چەند گۆرانیبێژێکی خراپن... دەستم برد بۆ گیرفانەکانم هەرچی کارتی تیا بوو دەرمهێنا... کارتی هونەرمەندە بەناو بانگەکەم دۆزییەوە...بەڵێنەکەم کەوتە یاد عەسری ڕۆژی پێنج شەممە...هاوارم کرد... پەنا بە خوا...بە دەستەکانم ئەو کارتەم دڕی... هەموو ئەو شتانەی کە یادم دەکاتەوە بە تاوان و گوناه کۆم کردەوە... **ڕۆژی دووەم کاتی جیا بوونەوەی من وئەوان بوو...**

## کلیلی خراپەکاری

پێی ووتم: هاوڕێیەکی خۆشەویستم هەبوو لە جێگای برا بوو بۆم ... هەفتەی ڕابووردوو بە ڕووداوی ئۆتۆمبیل و لە ناکاودا کۆچی دوایی کرد ... داوا لە خوای گەورە دەکەم کە لە تاوانەکانی خۆش بێت و ڕەحمی لێ بکات.. کێشەکە ئەوەیە .. ئەم هاوەڵەم شارەزاییەکی زۆری هەبوو لە (ئەنتەرنێت) وە خووی دابوو بە سایتە خراپەکان و بە کۆ کردنەوەی وێنەی ڕووتەوە خەریك بوو .. تەنانەت سایتێکی تایبەتی بۆ خۆی ڕێکخستبوو کە وێنەی ڕووتی لە خۆ دەگرت .. بەڵکو کۆمەڵە کەسێك هەبوون کە لە سایتەکەیدا تۆمار کرابوون و بەشدار بوون .. هەموو جارێك نامەی بۆ دەناردن هەر کاتێك وێنەی نوێی دەست بکەوتایە ... وێنەی ڕووت ... سایتەکە بە شێوەیەکی (ئامێری) خۆی بۆی دەناردن ... لە ناکاودا ئەم کابرایە مرد .... کێشەکە لەوەدایە ئێمە ژمارە نهێنی سایتەکەی نازانین بۆ ئەوەی دەستکاری سایتەکە بکەین یاخود دایخەین ... من تەنها بیرم لەوە دەکردەوە .. لە کاتێکدا چاوەڕوانی نوێژ بووین

كە لە مزگەوت لەسەر جەنازەكەی ئەنجامی بدەین ... لەگەڵ جەنازەكەیدا بەرەو گۆڕستان كەوتینە رێ ئەویش لەناو تابوتەكەیدا هەڵگیراوە .. بیرم دەكردەوە ئاخۆ ئێستا لەناو گۆڕەكەیدا چی چاوەڕوانی دەبێ .. وێنەی رووت؟؟ حسبنا الله ونعم الوكیل ...گەیشتینە ناو گۆڕستانێكی ترسناك .. خەڵكی زۆر بوون لە سەر گۆڕەكەی... تەماشای ناو گۆڕەكەم كرد .... ئاااهـ .. ئاخۆ حاڵی چۆن بێت لەو گۆڕەدا .. دەمبینی هەندێ كەس دەگریان ... لە ناخی خۆمدا ووتم: ئایە ئەو گریانەی ئەوان سودی هەیە بۆی ...كابرامان بەخاك سپارد .. پاشان رۆیشتین و ئەومان بە جێ هێشت ... دایكی لە خەودا بینی .. چەند هەرزەكارێك بە سەر گۆڕەكەیدا دەڕۆن و میز دەكەن بە سەریدا ... ئەویش پرسیاری دەكرد بۆ ئەوەی بۆی مانا بكەن .... ئەو هەژارە نەیدەزانی لەو كارە شاراوانە .. منیش ئەو خەوەی دایكیم بیست ..لە ناخی خۆمدا ووتم: هیچ پێویست بە مانا كردن ناكات ... ماناكەی ئاشكرایە ... ئەو هەرزەكارانەی كە میز دەكەن بە سەر گۆڕەكەیدا ... ئەوانەن كە وێنەی بۆ دەناردن ... پاشان ئەوانیش بۆ ئەو كەسانەی دەینێرن كە دەیانناسن .. ئەی هاوار ... چۆن دەتوانێت بەرگەی ئەو هەموو تاوانە بگرێت ...

**(من دعا الی ضلالة كان علیه من الوزر مثل أوزار من تبعه لا ینقص ذلك من أوزارهم شیئا)**(٦).

واتە: هەركەسێ بانگەواز بكات بۆ گومڕایی ئەوا وەكو تاوانەكانی ئەو كەسانەی بۆ هەیە كە شوێنی دەكەون بەبێ ئەوەی هیچ لە تاوانەكانی ئەوان كەم ببێتەوە.

هەوڵێكی زۆرم دا ... كە چاكەی لە گەڵدا بكەم .. لەگەڵ كۆمپانیاكەدا قسەم كرد ..(ئەو كۆمپانیایەی كە مێوانداری سایتەكەی كردووە) بۆ ئەوەی بەشداری كردنەكەی رابگرن ... بۆیە بە داوای لێبوردنەوە داواكەمیان رەتكردەوەو هیچیان بۆ نەكردم تەنانەت باوەڕیان پێ نەكردم .. چونكە من ژمارە نهێنییەكەم نەدەزانی كە سایتەكەی پێ گرتبوو ... هاوارم بە روویاندا كرد .. ئەی خەڵكینە ...كابرا مردووە ... كەچی روویان پێ نەدام... دانیشتم بیرم لە حاڵی ئەو دەكردەوە چەندم پێ ووت: چۆن بەرگەی تاوانی خەڵكی دەگری؟ چۆن خۆت دەكەیتە كلیلی خراپەكاری؟ چۆن لە قیامەتدا تاوانەكانیان بە شان هەڵدەگری؟ كەچی گوێ بیستی قسەكانم نەدەبوو وە كاری پێ نەدەكرد ... ئەو وای دەبینی كە هێشتا گەنجەو دەیەوێ خۆشی بكات ئەم كارانەیش تەنها بۆ كات بەسەر بردنە ... پەنا بە خوا ... چەند گەنج تەماشای ئەو وێنانەی كردووە پاشان كەوتووەنەتە ناو تاوانەوە ... چەند كچی بەستەزمان كەوتووەنەتە ناو تاوانەوە بە هۆی ئەو وێنانەوە ... كابرا مرد .. بەڵام لە رۆژی قیامەتدا پرسیاری لێ دەكرێ دەربارەی هەر تەماشایەك كە كردبێتی وە تەماشاكردنی هەر گەنجێكی تر ... وە هەر تاوانێك كە كردبێتی وە هەر تاوانێك كە گەنجانی تر كردبێتی بە هۆی ئەو وێنانەوە وە هەر وێنەیەك كە بڵاوی كردبێتەوە و هەر وێنەیەك ئەوانی تر بڵاویان كردبێتەوە .. نازانم تاكو چەند بەرگەی تاوانەكانیان دەگرێت بەڵام داوا لە خوا دەكەم كە لە تاوانەكانی خۆش بێت ... حسبنا الله ونعم الوكیل.

---

(٦) (صحیح الجامع الصحیح: ٣٧١٣).

# ئاسمان باران نابارێنێت

بەنی ئیسرائیل ... لە سەردەمی پێغەمبەر (موسی)دا (عليه السلام) توشی گرانییەکی سەخت هاتن ... خەڵکی لەسەری کۆبوونەوە ... ووتیان: ئەی (کلیم الله) داوا لە خوا بکە بارانێکی رەحمەتمان بۆ ببارێنێت ... ئەویش هەستاو لە گەڵیاندا دەرچوو بۆ بیابانێك ... کە ژمارەیان حەفتا هەزار یان زیاتر دەبوون ... لەبەر دەستیدا کۆ بوونەوە ... هەستان و پاڕانەوە .. ئەوانیش خەڵکێکی رەش و رووتن .. برسی و تینوون ... پاشان (کلیم الله ) پاڕایەوەو فەرمووی: ئەی خودایە ... بارانێکی پڕ بەرەکەتمان بۆ بنێرە ... وە میهرەبانی خۆتمان بەسەردا بڕێژە ... رەحممان پێ بکە بە مندالە شیرە خۆرەکان ... وە گیانلەبەرە بێ دەستەلاتەکان .. وە پیرەمێردە کڕنۆش بەرەکان .. کەچی ئاسمان تاکو دەهات زیاتر گەرمتر دەبوو ... موسی(عليه السلام) فەرمووی: ئەی پەروەردگارا ... بارانمان بۆ ببارێنە .. خوای پەروەردگار فەرمووی: چۆن بارانتان بۆ ببارێنم؟ لە کاتێکدا کابرایەکتان تیادایە بۆ ماوەی چل ساڵە سەرپێچی فەرمانەکانم دەکات ...لەناو خەڵکەکەدا بانگ بکە تاکو دەرچێتە دەرەوە .. چونکە بە هۆی ئەوەوە بارانتان بۆ نابارێنم بۆیە موسی(عليه السلام) لەناو خەڵکیدا بانگی کرد: ئەی بەندە سەپێچی کارەکە... کە بۆ ماوەی چل ساڵە سەرپێچی فەرمانەکانی خوا دەکەیت داوات لێ دەکەم دەرچیتە دەرەوە .. چونکە بە هۆی تۆوە بارانمان بۆ نابارێت ... بۆیە بەندە سەرپێچی کارەکە تەماشای لای راست و چەپی خۆی کرد .. بینی هیچ کەسێك دەرناچێت .. زانی ئەو کەسی داواکراوە ... لە ناخی خۆیدا ووتی: ئەگەر من لە نێو ئەم هەموو خەڵکەدا دەرچم ... ئەوا لە نێو بەنی ئیسرائیلدا ئابڕووم دەڕوات ... وە ئەگەر لە گەڵیاندا دانیشم و دەرنەچم ئەوا بە هۆی منەوە خوای گەورە بارانیان بۆ نابارێنێت ... بۆیە دڵی زۆر شکاو چاوەکانی پڕ لە فرمێسك بوو ... سەری خستە نێو جل و بەرگەکەی و پەشیمان بووەوە لەو هەموو کردەوانەی کە کردوویەتی ... ووتی:

پەروەردگارا ......

ئەی خودای من ...

ئەی گەورەی من ...

من چل ساڵە سەرپێچی فەرمانەکانت دەکەم .. کەچی تۆ مۆڵەتی منت داوە و تاوانەکانمت شاردۆتەوە ... ئێستا من دەگەڕێمەوە بۆ لات .. تکایە وەرم بگرە ... پاشان دەستی کردە پاڕانەوە لە خوای خۆی ... هێشتا لە پاڕانەوەکەی نەبووەوە ... هەورێکی سپی کەوتە ئاسمان .. دەستی بە باران کردو وەکو دەمی شەربە دەهاتە خوارەوە ... بۆیە (موسی)(عليه السلام) سەرسام بوو و فەرمووی: ئەی خودایە ... بارانت بۆ ئێمە باران .. کەچی هیچ کەسێك لە نێو ئێمە دەرنەچوو ... خوای گەورە فەرمووی: بارانم بۆتان باران بە هۆی ئەو کەسەوە کە هەر لەبەر ئەو لێتانم گرتبوو .. موسی(عليه السلام) فەرمووی: ئەی خودایە ... ئەو بەندە گوێڕایەڵەم نیشان بدە .. خوای گەورە فەرمووی: ئەی موسی(عليه السلام) من لە کاتێکدا کە سەرپێچی فەرمانەکانمی دەکرد ئابڕووی ئەوم نەبرد .. ئایا ئێستا ئابڕووی دەبەم لە کاتێکدا ئەو گوێڕایەڵی فەرمانەکانی منە ! ! ؟؟

# جیابوونەوە

ئیسلام لەمەککەدا بڵاوبووەوە .. خەڵکی کەم کەم شوێنی ئەم دینە دەکەوتن .. یەکێك لەنێو ئەوانەدا (أم سلمە) بوو ( ڕەزای خوای لێ بێت) .. تەماشایەکی ئەم دینەی کرد بینی کەوا ئەم دینە فەرمانی پێدەکات بەواز هێنان لە بت پەرستی و.. پەرستنی خوای تاك و تەنها .. بۆیە خۆی و مێردەکەی بوونە موسڵمان .. پاشان ئازاری (قورەیش) بەرامبەر بەوان زیادی کرد .. ئەوانیش کۆچیان کرد بۆ حەبەشە .. لەپاش ماوەیەك گەڕانەوە بۆ مەککە .. جارێکی تر (قورەیش) دەستی کرد بە ئازاردانی ئەوان .. بۆیە (أبو سلمە) خێزانەکەی و منداڵەکەی هەڵگرت و کەوتنە ڕێ بە مەبەستی کۆچکردن بۆ مەدینە .. خێزانەکەی سواری وشترێك کردو منداڵەکەی لە کۆشی دانا، پاشان چوونە دەرەوە لە مەککە .. لە ڕێگادا هەندێ پیاو لە (بەنی مەخزوم) ئەوانیان بینی کە لە هۆزی (أم سلمە) بوون... ووتیان: ئەوە نەفسی خۆتە زاڵ بویتە بەسەریدا .. ئەی باشە کچەکەمان بۆ؟! بۆچی بهێڵین بەوڵاتاندا بیگەڕێنێت؟! ئینجا هاتنە سەری ڕەشمەی وشترەکەی لە دەست سەند .. پاشان بردیان و پێش خۆیان خست .. ئەویش تەماشای خێزانەکەی و منداڵەکەی دەکات .. هیچ دەسەڵاتی نییە .. ئەو بەستەزمانە تەماشای ئەملاو ئەولای دەکرد .. بە دوای هاوکارێکدا دەگەڕا .. چەند پیاوێك لە هۆزەکەی خۆی بە تەنیشتیدا تێپەڕین .. کە بینییان ئەوا (أبو سلمە) ستەمی لێکراوە ڕۆیشتن بۆلای (أم سلمە) بە مەبەستی ئەوە کە بیگەڕێننەوە .. کەچی کەس وکارەکەی (أم سلمە) نەیانهێشت، پاشان هۆزەکەی (أبو سلمە) هێرشیان کردە سەر منداڵەکەو لە دەستی دایکیان وەرگرتەوەو ئەوانیش دەڵێن: نەخێر .. سوێند بە خوا .. نابێ منداڵی خۆمان لای ئەو بمێنێتەوە .. (أم سلمە) هاواری کرد .. هۆزەکەی جارێکی تر گەڕانەوە بۆ ئەوەی منداڵەکە ببەنەوە.. ئەوانیش منداڵەکەیان گرتووە، پاشان هەریەکەو منداڵەکەی بۆلای خۆی ڕادەکێشا .. منداڵەکەیش هاوار دەکات و دەگری .. دایکەکەیش خەریکە دڵی پارچە پارچە دەبێت .. تاکو منداڵەکە دەستی لەجێی خۆی دەرچوو .. پاشان هۆزەکەی (أبو سلمە) بردیان بۆلای خۆیان .. هۆزەکەی (أم سلمە)، (أم سلمە) یان برد بۆلای خۆیان، بە غەمباری و دڵشکاوی .. وە لەوێ لای خۆیان بەندیان کرد .. وە هۆزەکەی (أبو سلمە) منداڵەکەیان لەگەڵ خۆیاندا برد، وە (أبو سلمە)کەوتە ڕێ بەرەو مەدینە .. بوونە هۆی جیابوونەوە لەنێوان خۆی و خێزانەکەی .. ئەو دایکە بەستەزمانە هەموو بەیانییەك دەردەچوو .. لەسەر لمەکان دادەنیشت .. بیری لە مێردو منداڵەکەی دەکردەوە بەردەوام دەگریا، تاکو ئێوارە .. بەم شێوەیە دەمایەوە .. بەم شێوەیە مایەوە تاکو مانگێك .. دوومانگ .. دەمانگ .. دڵی لای منداڵەکەی بوو تامەزرۆی بینینی بوو .. وە بیرو هۆشی لای مێردەکەی بوو .. تاکو ساڵێکی تەواو بەسەر چوو .. ئەویش لەناو بەرنامەیەکی فرمێسکاویدایە .. تاکو ڕۆژێك پیاوێك لە ئامۆزاکانی بە تەنیشتیدا تێپەڕی .. بینی کە دەگری و ڕەنگی زەرد بووەتەوە .. بەزەیی پیادا هاتەوە بە کەس و کارەکەی ووت: ئەم بەستەزمانە دەرناکەن؟ جیاتان کردەوە لەنێوان خۆیی و مێردەکەی و منداڵەکەیدا، کەس وکارەکەی پێیان ووت: ئەگەر حەز دەکەیت برۆ بۆلای مێردەکەت .. ئەویش دڵخۆش بوو .. کەرەستەکانی کۆ کردەوە .. بەتەنها سواری وشترەکە بوو .. کەس وکاری (أبو سلمە) زانییان کە (أم سلمە) دەیەوێ دەرچێت .. بۆیە منداڵەکەیان بۆ گەڕاندەوە .. ئەویش منداڵەکەی خستە سەر کۆشی و بەرەو مەدینە کەوتە ڕێ لەڕێگادا تووشی (عثمان ی کوڕی أبي حکمة) بوو، سەرسام بوو کە بەتەنها سەفەر

دەکات .. پرسیاری لێکرد: ئەی کچی (أمیە) بۆ کوێ دەڕۆیت؟ فەرمووی دەڕۆم بۆلای مێردەکەم کە لە مەدینەیە.. فەرمووی: کەس لەگەڵتا نییە؟ فەرمووی: نەخێر هیچ کەس لەگەڵمدا نییە، تەنها خوا نەبێت وە کوڕەکەم .. ئەویش فەرمووی: سوێند بەخوا نابێت بە تەنها جێت بهێڵم .. ڕەشمەی وشترەکەی گرت و کەوتنە ڕێ.. (أم سلمە) دەفەرموێ: سوێند بەخوا هیچ پیاوێکم لە عەرەبدا هاوڕێتیم نەکردووە .. لەو ڕێزدارتر بێت .. ئەگەر لە جێگایەکدا لامان بدایە منی دادەناو خۆی لەشوێنێکی دوور دادەنیشت .. تاکو دابەزیمایە، ئەوا بە وشترەکەم دوا دەکەوت .. دەیبەستە دارێکەوە .. خۆیشی دەڕۆیشت بۆلای دارێکی تر منیش لای دارێکی تردا ڕادەکشام .. ئەگەر کاتی ڕۆیشتن بهاتایە.. هەڵدەستاو دەچوو بۆلای وڵاخەکەم و پێشی دەخستم .. پاشان لێم دوور دەکەوتەوەو دەیفەرموو: سواربە .. ئەگەر سوار بومایە، ئەوا دەهات و ڕەشمەی وشترەکەی دەگرت و دەڕۆیشت .. تاکو لە جێگایەکی تردا لامان بدایە .. تاکو گەیشتینە مەدینە .. کاتێ تەماشای گوندی (بنی عمرو بن عوف) کرد کە لە (قباء) بوو فەرمووی: مێردەکەت لەم گوندەیە بڕۆ لەسەر بەرەکەتی خوا، ئەویش گەڕایەوە بۆ مەککە .. پاشان (عثمان ی کوڕی ابي طلحة) موسڵمان بوو ....

## بڕیارێکی زیرەکانە

(الطفیل ی کوڕی عمرو) کەسێکی گەورەو ناوداری هۆزی (دەوس) بوو .. هۆزەکەی هەمیشە گوێبیستی ئەو دەبوون و فرمانەکانیان جێبەجێ دەکرد.. ڕۆژێك هات بۆ مەککە بۆ هەندێ کاری پێویست .. کە هاتە ناو شارەوە .. ڕێزدارو پیاوماقوڵانی (قورەیش) ئەویان بینی .. هاتن بۆلای و پیان ووت: تۆ کێی؟ فەرمووی: من (الطفیل ی کوڕی عمرو) م گەورەی هۆزی (دەوس)، ئەوانیش تەماشای یەکتریان کرد .. لەوە ترسان پێغەمبەری خوا ﷺ ببینێ و بانگی بکات بۆ ئایینی ئیسلام .. ئەگەر ئەم گەورە پیاوە موسڵمان بێت، ئەوا ئیسلامی پێ بەهێز دەبێت .. بۆیە کۆبوونەوە لەسەری و یەکێکیان پێی ووت: لێرە لە مەککە کابرایەك هەیە خۆی بە پێغەمبەر دادەنێت .. وریابە لە گەڵیدا دامەنیشە و گوێ لە قسەکانی مەگرە .. چونکە ئەو کەسێکی جادوو بازە .. ئەگەر گوێی لێ بگریت، ئەوا عەقڵت لە دەست دەدەیت .. یەکێکی تر هەمان قسەی کرد .... سێهەمیش لەوان زیاتری ووت .. قسەیەکی زۆریان کرد .. (الطفیل) دەڵێت: سوێند بە خوا .. هێندە قسەیان کرد، تاکو لیێ ترسام .. وە بڕیارمدا کە گوێ لە قسەکانی نەگرم و قسەی لەگەڵدا نەکەم .. بەڵکو بە لۆکە هەردوو گوێی خۆم پڕ کردەوە .. چونکە لەوە ترسام قسەیەکی پێم بگات کاتێ بە لایدا تێدەپەڕم ڕۆیشتم بۆ مزگەوت .. پێغەمبەری خوامﷺ بینی لە کەعبە نوێژی دەکرد .. منیش نزیکی بوومەوە خوای گەورە حەزی کرد گوێبیستی هەندێك لە قسەکانی بم .. گوێم لە قسەیەکی خۆش بوو .. لە دڵی خۆمدا ووتم: لەبار دایکت بچوایەی .. تۆ کەسێکی عاقڵیت .. چاکەو خراپەت لێ ناشاردرێتەوەو تێکەڵ نابێت .. چی ڕێگام لێدەگرێ کە من گوێ لەم کابرایە بگرم .. ئەگەر ئەوەی کە لای ئەوە باش بێت ئەوە وەری دەگرم .. وە ئەگەر خراپ بوو وازی لێ دەهێنم .. چاوەڕوانی بووم، تاکو لە نوێژەکەی بووەوە .. کاتێ هەستاو ڕۆیشتەوە بۆماڵەکەی خۆی شوێنی کەوتم .. تاکو چووە ژوورەوە .. ووتم: ئەی محمد ﷺ کەس وکارەکەت دەربارەی تۆ زۆریان ووتووە .. سوێند بەخوا هێندە ترساندمیان، تاکو هەردوو گوێی خۆم بە لۆکە

گرت، بۆ ئەوەی گوێ لە قسەکانت نەگرم .. وە منیش گوێم لە قسەی خۆش بوو لە تۆوە .. بۆیە ئەوەی کە پێتە پێم بڵێ.. بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ ڕووی گەشایەوەو خۆشحاڵبوو .. وە باسی ئیسلامی بۆ کرد .. وە قورئانی بەسەردا خوێندەوە .. (الطفیل) بیری لە حاڵی خۆی کردەوە .. بینی هەموو ڕۆژێك کە دەژێ لە خوا دووری دەکاتەوە .. بینی ئەو بەرد دەپەرستێ گوێی لە داواکەی نییە ئەگەر داوای لێبکات .. وە وەڵامی بانگەکەی ناداتەوە ئەگەر بانگی بکات .. وە ئەمەش ڕاستییە و لێی ڕوون بووەتەوە پاشان (الطفیل) بیری لە دەرئەنجامی موسڵمان بوونی کردەوە .. چۆن دینی باو باپیری خۆی بگۆڕێ؟.. خەڵکی چی دەربارەی دەڵێن؟ ئەو ژیانەی کە بەسەری برد .. سامانەکەی کە کۆی کردووەتەوە ..کەس وکاری .. کوڕەکەی .. دراوسێکانی .. هاوڕێکانی .. هەموو ئەمانە تێك دەچن .. (الطفیل) بێدەنگ بوو .. بیر دەکاتەوە .. دونیا و دواڕۆژی خۆی هەڵدەسەنگێنێ .. بەڵێ .. ڕاستە ڕێی ئەم دینە دەگرێتە بەر .. کێ ڕازییە با ڕازی بێت .. ئەوەیشی پێی پەست دەبێت با پەست بێت .. ئەهلی زەوی چی دەکات .. ئەگەر ئەهلی ئاسمان لێت ڕازی بێت؟.. سامان و ڕزق و ڕۆزی بە دەست ئەوخوایەیە کە لە ئاسمانە .. نەخۆشی و تەندروستی بە دەست ئەو خوایەیە کە لە ئاسمانە .. پلەو پایەو ڕووی لەناو خەڵکیدا بە دەست ئەو خوایەیە کە لە ئاسمانە .. بەڵکو ژیان و مردن بە دەست ئەو خوایەیە کە لە ئاسمانە .. ئەگەر ئەهلی ئاسمان ڕازی بێت .. چیتر گوێی پێنادات ئەوەی لەم دونیایەدایە لە دەستی دەربچێت .. ئەگەر خوا خۆشی ویست .. با خەڵکی لێی پەست بێت .. با خەڵکی خۆی لێ دوور بکاتەوە .. با خەڵکی پێی ڕابوێرێ ..

| | |
|---|---|
| فليتك تحلو والحياة مريرة | وليتك ترضى والأنام غضاب |
| ويا ليت بيني وبينك عامر | وبينـــي وبين العالمين خراب |
| إذا صح منك الود فالكل هيّن | وكـــل ما فـــوق التراب تراب |

واتە:

(پەروەردگارا) خۆزگە تۆ شیرین دەبویت لەگەڵ مندا، با هەموو ژیان تاڵ بێت

وە خۆزگە تۆ ڕازی دەبویت با هەموو خەڵکی لێم پەست بن

وە خۆزگە ئەوەی لە نێوان من و تۆدایە ئاوەدان دەبوو

وە ئەوەی لە نێوان من و هەموو خەڵکیدایە با وێرانە بێت

ئەگەر خۆشەویستیت بەرامبەر بە من تەواو دەبوو ئەوا هەموو شتێك ئاسانە

وە هەموو ئەوەی کە لەسەر ئەم گڵەیە هەر گڵە

بەڵێ هەر لە هەمان جێگا موسڵمان بوو .. شایەتمانی بە ڕاستی هێنا .. ئینجا هیممەتی بەرز بووەوە فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ من کەسێکم لەلایەن کەس وکارمەوە گوێم لێ دەگیرێ .. من دەگەڕێمەوە بۆلایان و بانگیان دەکەم بۆ ئیسلام .. پاشان (الطفیل) لە مەککە دەرچوو.. بە پەلە چوو بۆلای هۆزەکەی .. خەمی ئەم دینەی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتبوو.. بە چیاکاندا سەری دەخست و بە دۆڵەکاندا دایدەبەزاند .. تاکو گەیشتە لای هۆزەکەی .. کە گەیشتە لای کەس و کاری .. باوکی پێشوازی لێکرد کە پیرە مێردێکی بە تەمەن بوو .. (الطفیل) فەرمووی: لێم دوور بکەرەوە باوکە گیان .. چونکە من لەتۆ نیم و تۆ لە من نیت... باوکی فەرمووی: بۆ کوڕم چی

بووه؟ فەرمووی: موسڵمان بوومـەو شـوێنی دینـی محمـدﷺ کـەوتووم .. فـەرمووی: دینـی مـن دینەکـەی تۆیـە .. فەرمووی: برۆ خۆت و جل و بەرگەکەت پاك بکەرەوە ..ئینجا وەرە بۆ لام، تاکو ئەوەی من فێربوومە فێرت بکەم .. باوکی ڕۆیشت خۆی شوشت و جـل و بەرگەکـەی پـاك کـردەوەو پاشـان هـات ئـەمیش ئیسـلامی بـۆ ڕوون کـردەوە، ئەویش موسڵمان بوو .. پاشان (الطفیل) ڕۆیشت بۆ ماڵی خـۆی .. خیزانەکـەی پێشـوازی لێکـرد .. فـەرمووی: لـێم دوور بکەرەوە .. من لە تۆ نـیم و تـۆیش لـە مـن نیـت ..خێزانەکـەی فـەرمووی: بۆچـی؟ لـە جێـی دایك و بـاوکمی، فەرمووی: ئیسلام من و تۆی لەیەك جیا کردۆتەوە .. شوێنی دینی محمد ﷺ کەوتووم؟ فەرمووی: دینی من دینـی تۆیە .. فەرمووی: برۆ خۆت پاك بکەرەوەو پاشان بگەڕێوە بۆ لام .. ئەویش پشـتی هـەڵکرد و ڕۆیشـت .. بتێکیـان هەبوو ناوی (ذو الشري) بوو .. زۆر بە گەورە دەیانزانی و وایـان دەبینـی ئەگـەر هـەر کەسـێ واز لـە پـەرستنی ئـەو بهێنێ ئەوا تووشی سزایەك دەبێت .. ئەو بەستە زمانە لە بتەکە ترسا .. لـەوە ترسـا ئەگـەر ببێتـە موسـڵمان، ئـەوا زیان بە خۆی و منداڵەکانی دەگەیەنێ .. بۆیە گەڕایەوە بۆلای مێردەکەی و فەرمووی: تۆ لە جێی دایـك وبـاوکمی .. ئایا لە منداڵەکان ناترسی کە (ذو الشري) تووشی شتێکیان بکات ..؟ هەروەکو ووتمـان: (ذو الشـري) بتێـك بـوو .. وایان دەزانی هەرکەسێ واز لەپەرستنی بهێنێ، ئەوا یـان خـۆی یـان منداڵـەکانی تووشـی شـتێك دەبـن .. (الطفیـل) فەرمووی: برۆ .. من دڵنیات دەکەمەوە کە (ذو الشري) زیانیان پێ ناگەیەنێت .. ئەویش ڕۆیشت وخـۆی شوشـت .. پاشان ئەمیش ئیسلامی بۆ ڕوون کردەوەو ئەویش بووە موسڵمان، پاشان (الطفیل) دەستی کرد بە سوڕانەوە بـەناو هۆزەکەیدا، ماڵ بە ماڵ ئیسلامی بۆیان ڕوون دەکردەوە وە ڕووی زەوی کردە جێگای کۆڕ و کۆبوونەوەکەیان وە لە ڕێگای ئەواندا دەوەستا، بەڵام ئەوان ڕازی نەبوون واز لە بت پەرستی بهێنن ..، پاشان (الطفیل) زۆر پەست بوو ... ڕۆیشت بۆ مەککە چووە خزمەتی پێغەمبەری خوا ﷺ و فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خـوا ﷺ هـۆزی (دەوس) سـەر پێچییان کردو ڕازی نەبوون .. ئـەی پێغەمبـەری خـوا ﷺ نزایـان لێ بکـە .. ڕووی پێغەمبـەری خـوا ﷺ گـۆڕا .. وە دەستی بەرز کردەوە بۆ ئاسمان .. (الطفیل) لەدڵی خۆیدا فەرمووی: هۆزی (دەوس) بە هیلاکەتـدا چـوون .. بینـی پێغەمبەری ﷺ بەبەزەیی و میهرەبان دەفەرموێ: خوایە هیدایەتی هـۆزی (دەوس) بـدە.. خوایـە هیدایـەتی هـۆزی (دەوس) بدە[٧] .. پاشان ڕووی کردە (الطفیل) و فەرمووی: بگەڕێوە بۆلای هۆزەکەت و بانگیان بکـە بـۆ ئیسـلام .. نەرم ونیان بە لەگەڵیانـدا .. ئـەویش گەڕایـەوە .. بـەردەوام قسـەی بـۆ دەکـردن، تـاکو موسـڵمان بـوون .. ڕۆژگـار ڕۆیشت پێغەمبەری خوا ﷺ کۆچی دوایی کرد .. (الطفیـل) لەگـەڵ کوڕەکـەی و موسـڵماناندا دەرچـوون بـۆ جـەنگ لەگەڵ (مسیلمة الکذاب) دا، لە (یەمامە) خەوێکی بینی .. لە کاتێکدا بـەرەو (یەمامـە) دەڕوات .. ((بینـی .. سـەری تەراش کراوەو لەدەمییەوە باڵندەیەك دەرچـوو .. وە گەیشـتە ئافرەتێـك کرایـە ناویـەوە .. وە بینـی کوڕەکـەی بـە دوایدا دەگەڕێت، پاشـان لەیـەك جیـا بوونـەوە)) .. کاتێـك لەخـەو هەسـتا و ئـەم خـەوەی بـۆ هـاوەڵانی گێڕایـەوەو فەرمووی: خۆم مانام کردووە .. فەرموویان: بەچی؟ فەرمووی: سەرتاشینەکەم دانانی سەرمە .. ئەو باڵندەیەی کـە لە دەممەوە دەرچوو .. ئەوە گیانمە .. ئەو ئافرەتەش کـە مـن کرابوومـە ناوییـەوە ئـەوە زەوییـەو تیایـدا چـاڵم بـۆ

---

(٧) (رواه البخاري وأحمد، وانظر: صحیح السیرة النبویة: ص٢١٦).

دەکرێ و بزر دەبم، وە گەڕانی کوڕەکەم بەدوامداو پاشان لێم جیا بووەوە، دەبینم ئەو دەیەوێ و هەوڵدەدات کە وەکو من شەهید ببێت .. لەو ڕۆژەدا (الطفیل) شەهید بوو (خوا لێی ڕازی بێت) لە (یەمامە) وە کوڕەکەیشی برینداریێکی سەخت بوو، بەڵام لە مردن ڕزگاری بوو .. پاشان ئەویش لە جەنگی (یەرموك) لە سەردەمی ئیمامی (عمر) دا شەهید بوو ....

## جێگای خۆی لە بەهەشتدا دەبینێ

گەنجێك ..تەمەنی گەیشتووەتە شانزە ساڵ... لەمزگەوت بوو خەریکی خوێندنەوەی قورئان بوو... چاوەڕوان بوو قامەت بکرێت بۆ نوێژی بەیانی... کاتێ کە قامەت کرا بۆ نوێژی بەیانی... قورئانەکەی گەڕاندەوە جێگەی خۆی... پاشان هەستا بۆ ئەوەی لە ریزەکە ڕاوەستێ... لەناکاودا لە زەوی دەداو دەبورێتەوە... کۆمەڵێك لە نوێژخوێنان بردیان بۆ نەخۆشخانە... ئەو پزیشکەی کە سەرپەرشتی نەخۆشی ئەو گەنجەی دەکرد بۆی گێڕامەوە ووتی:

ئەم گەنجەیان بۆ هێناین بە هەڵگیراوی دەتووت جەنازەیە... کە پشکنینم بۆ ئەنجام دا بینیم تووشی جەڵتەی دڵ هاتووە ئەگەر وشترێك تووشی بهاتایە ئەوا یەکسەر دەیکوشت... تەماشایەکی گەنجەکەم کرد بینیم زۆرانبازی لەگەڵ مردندا دەکات... وەلەدوا ساتەکانی ژیانیدا دەژی... پەلەمان کرد لە بە هاناهاتنییەوە، بووژاندنەوەی دڵمان بۆ ئەنجام دا... پزیشکێکی فریا گوزاریم لەسەری وەستاند بۆ ئەوەی چاودێری بکات...ڕۆیشتم هەندێ ئامێر بهێنم بۆ چارەسەر کردنی ... کاتێ بەپەلە گەڕامەوە بۆلای بینیم توند دەستی پزیشکەکەی گرتووە... وەپزیشکەکەش گوێی نزیکی دەمی گەنجەکە کردووەتەوە...وە گەنجەکەیش دەچپێنێتە گوێی پزیشکەکەوە ڕاوەستام تەماشای ئەوانم دەکرد... چەند ساتێك... لەناکاو گەنجەکە دەستی پزیشکەکەی بەردا...وەهەوڵی دا لەسەر لایەکەی تری ڕاکشێت... پاشان بە زمانێکی قورس ووتی: **(أشهد أن لا اله الا الله... وأشهد أن محمدا عبده ورسوله..)**. بەردەوام دووبارەی دەکردەوە... وەلێدانی دڵی کەم دەبێتەوە... بەرەو نەمان دەچێت... ئێمەش هەوڵ دەدەین ڕزگاری بکەین... بەڵام قەزای خوای پەروەردگار بە هێزتر بوو... گەنجەکە مرد... لەوکاتەدا پزیشکی فریاگوزارییەکە دەستی بە گریان کرد... تاکو وای لێهات نەیتوانی لەسەر پێیەکانی ڕاوەستێت... ئێمەش سەرسام بووین و ووتمان: ئەی فلان... ئەوە چییە بۆ دەگری؟ ئەمە جاری یەکەمت نییە مردوو ببینیت... بەڵام ئەو بەردەوام بوو لەسەر گریانەکەی... کاتێ گریانەکەی هێدی بووەوە...پرسیارم لێ کرد ئەو گەنجە چی پێ ووتیت، ووتی: کاتێ تۆی بینی ئەی دکتۆر... دەڕۆیت و دێیت... فەرمان دەکەیت و نەهی دەکەیت... زانی کەتۆ پزیشکی تایبەتی ئەوی... پێی ووتم: ئەی دکتۆر بڵێ بە هاوڕێکەت کە پزیشکی دڵە با خۆی ماندوو نەکات... من دەمرم و گومانی تیادا نییە... سوێند بەخوا من ئێستا جێگای خۆم لە بەهەشتدا دەبینم...

## لەسەر جێگای مردن

ئافرەتێك بۆی نووسیم:

هیچ ڕۆژێك بەسەرمدا تێپەڕ نابێت ئیللا من دەگریم..هەر ڕۆژێك تێدەپەڕێ..بیری تیادا دەکەمەوە خۆم بکوژم..ژیان لای من هیچ بایەخێکی نەماوە..هەموو ساتێك خۆزگە بەمردن دەخوازم..خۆزگە لەدایك نەبوومایەو نەمزانیبایە چی لەم دونیایەدا هەیە..سەرەتای ڕووداوەکان لەگەڵ کچێکی هاوڕێمدا بوو.. ڕۆژێك بانگی کردم بۆ ماڵی خۆیان..ئەو یەکێك بوو لەوانەی کە بە زۆری (أنترنیت)ی بەکار دەهێنا .. زۆر حەزی لەوە بوو کە نهێنێکانی ئەم جیهانە بزانێت..فێری کردم چۆن بە کار دەهێنرێت.. هەمووی لەماوەی دوو مانگدا بوو..چونکە من بەزۆری سەردانی ئەوم دەکرد..لەوەوە فێری (چات) بووم بەهەموو شێوەکانی.. فێربووم چۆن بە دوای سایتەکاندا بگەڕیم وە گەڕان بەدوای سایتە چاکەکان و خراپەکاندا..لەماوەی ئەم دوو مانگەدا هەردەم لەگەڵ مێردەکەمدا شەڕم دەکرد بۆ ئەوەی (أنترنیت) بهێنێ بۆ ماڵەوە ئەو زۆر ناڕازی بوو بەو بیرۆکەیە..تاکو بەوە ڕازی بوو کە من لەماڵەوە هەست بەبێزارییەکی زۆر دەکەم.. ومنیش لەدووری ماڵی کەس وکارم دەژیم بیانویەکی ترم هێنایەوە کە هەموو هاوڕێکانم بەکاری دەهێنن.... بۆچی بەکاری نەهێنم لەو ڕێگاوە قسەیان لەگەڵدا بکەم..بەلای کەمەوە نرخەکەی لەنرخی بەکارهێنانی تەلەفۆن کەمترە..میردەکەم ڕازی بوو.. خۆزگە ڕازی نەبوایە.. بەردەوام ڕۆژانە لەگەڵ هاوڕێکانمدا قسەم دەکرد..لەپاش ئەوە چیتر میردەکەم گوێی لە گلەیی وداواکاریێکانم نەبوو.. دانی بەوەدانا کەڕزگاری بووە لەگلەیی وگازندەکانم..هەرکاتێك لەماڵ دەرچوایە ئەوا وەکو شێت ڕووم دەکردە (أنترنیت) و بە پەرۆشەوە بەکارم دەهێنا دادەنیشتم چەندەها کات ژمێری دوورو درێژ ..هەستم کرد حەز دەکەم میردەکەم کەمتر لەماڵەوە بێت.. هەرچەندە خۆشمدەویست وتەنانەت لەپاش دەرچونی بەکەمێك بیرم دەکرد.. من مێردەکەم خۆشدەویست بەهەمووو ویژدان و بوونم.. ئەویش هەرگیز کەمتەرخەم نەبوو بەرامبەرم...هەرچەندە باری داراییمان باش نەبوو وەکو خوشك وهاوڕێکانم.. لەگەڵ ئەوەیشدا ئەوەی لەتوانایدا بوایە خەرجی دەکرد لەپێناو خۆشگوزەرانی مندا بەهەموو ڕێگایەك.. لەپاش تێپەڕبوونی چەند ڕۆژێك.. هەستم کرد (أنترنیت) زیاترو زیاتر خۆشحاڵم دەکات..وام لێهاتبوو تەنانەت بایەخم بەسەردانی کەس وکارم نەدەدا..لەکاتێکدا لەپێشان هەموو دوو هەفتە جارێك سەفەرمان دەکرد بۆ ئەوەی کەس وکاری من وکەس وکاری ئەو ببینین .. هەرکاتێك لەناکاودا بهاتبایەتە ماڵەوە ئەوا من دەپەشۆکام و هەموو شتێکم دەکوژاندەوە بەشێوەیەك ئەو سەرسام بێت بە کردەوەکانم.. گومانی لە من نەبوو بەڵام دەیویست بزانێت لە (أنترنیت) چی دەکەم ڕەنگە ئەوە حەزێك بێت یان غیرەتێك بێت..چونکە ڕۆژێك بینی گفتوگۆم دەکرد لەگەڵ کەسیکداو نەمتوانی بیشارمەوە.. پاشان گلەیی لێ دەکردم ودەیووت: (انترنیت) بوارێکی فراوانە بۆ زانیاری، بۆ کات بە سەربردن نەکراوە.. ڕۆژگار دەڕوات و منیش لە (چات) زیاتر توشی فیتنە دەبم.. کێشەی پەروەردە کردنی مندالآنم خستە ئەستۆی خزمەتکارەکەمانەوە.. دەمزانی مێردەکەم کەی دەگەڕێتەوە بۆیە ئامێرەکەم دەکوژاندەوە لەپێش هاتنەوەی..لەگەڵ ئەوەیشدا بایەخم بە خۆیشم نەدەدا لەپێشان لەباشترین شێوەدا بووم.. وەجوانترین ڕووخسارم هەبوو لەپێش هاتنەوەی لەکارەکەی..لەپاش (أنترنیت) ئەوە کەم بووەوە تاکو بە یەکجاری نەما.. زۆر خووم دابووە (أنترنیت) بە جۆرێك لەپاش خەوتنی مێردەکەم بە ئەسپایی دەچوومە سەری و لەپێش هەستانی بەئەسپایی دەگەڕامەوە..ڕەنگە لە پاش ئەوە هەستی کردبێت ئەوەی لەگەڵ (أنترنیت)دا دەیکەم

کات بەسەر بردنە بەڵام بەزەیی پێدا دەهاتمەوە چونکە من کەسێکی تەنها بووم لەماڵەوەو لە کەس وکاریشم دوور بووم.. وەمنیش ئەو هۆکارانەم بۆخۆم قۆزتبووەوە .. مێردەکەم پێی ناخۆش بوو کە بایەخم نەدەدا بەمنداڵەکان زۆر جار سەرزەنشتی دەکردم .. وەمنیش بە گریانێکی درۆ وەڵامم دەدایەوە..دەمووت: تۆ نازانی لە پاش ڕۆیشتنت لەم ماڵەدا چی ڕوودەدا .. من زۆر بایەخیان پێ دەدەم و سوورم لەسەر پەروەردە کردنیان بەڵام ئەوان ماندووم دەکەن..بەکورتی هەموو شتێکم پشت گوێ خستبوو..تەنانەت مێردەکەم .. لە پێشان دەیان جار تەلەفۆنم بۆی دەکرد کاتێ لەدەرەوەی ماڵ بوایە تەنها لەبەر ئەوەی گوێم لەدەنگی بێت..بەڵام ئێستاو لە پاش (أنترنیت) بە هیچ شێوەیەك گوێی لەدەنگم نەدەبوو تەنها بۆ داواکاری هەندێ کەرەستەی ماڵ نەبوایە..مێردەکەم غیرەتێکی زۆری لاپەیدا بوو دەربارەی (أنترنیت) شەش مانگ بەم شێوەیە کاتم بەسەر برد.. پەیوەندیم لەگەڵ چەندەها کەس دروست کردبوو بەناوی خوازراوەوە چیتر نەمدەزانی ئەوان پیاون یا ژن..لەگەڵ هەرکەسێکدا قسەم دەکرد لەڕێگای(چات) وە قسەم دەکرد..(هەرچەندە بمزانیبا ئەوەی پیاوە قسەم لەگەڵیدا دەکرد) بەڵام تەنها یەك کەس هەبوو لەوانی تر زیاتر قسەم لەگەڵدا دەکردو بایەخم پێی دەدا..گفتوگۆو قسە خۆشەکانی لام خۆش بوو.. کەسێکی قسە خۆش بوو.. لەگەڵ ڕۆژگاردا پەیوەندیمان پتەوتر دەبوو.. ئەم پەیوەندییە ڕۆژانە لەماوەی سێ مانگدا دروست بوو.. بە قسە خۆشەکانی گفتوگۆکەی گەرمتر دەکرد..وشەی خۆشەویستی و تامەزرۆی بینین . ڕەنگە وشەکانی بەو شێوەیە جوان نەبووبێت بەڵام شەیتان لەپێش چاوی مندا زۆری ڕازاندبووەوە..ئەم گفتوگۆیەمان هەمووی لەڕێگای نوسینەوە بوو بە (چات) ڕووی دەدا ڕۆژێك داوای لێ کردم کە حەز دەکات گوێی لەدەنگم بێت.. بۆیە منیش ڕازی نەبووم..ئەویش سوور بوو لەسەر داواکەی .. هەڕەشەی لێ کردم کەوازم لێ دەهێنێ ئەگەر داواکارێکەی جێبەجێ نەکەم..زۆر هەوڵمدا بەرگەی ئەو داواکارییە بگرم بەڵام نەمتوانی..نازانم بۆ ڕازی بووم؟ بەچەند مەرجێك ڕازی بووم.. ئەویش ئەوەبوو کەدەبێ قسەکردنەکەمان تەنها جارێك بێت .. بەرنامەیەکمان بەکارهێنا بۆ گفتوگۆی دەنگی..هەرچەندە بەرنامەکە زۆر باش نەبوو .. بەڵام دەنگی زۆر جوان بوو وەقسەکانی زۆر خۆش بوو..پێی ووتم: دەنگت زۆر ڕوون نییە لە (أنترنیت) ژمارە تەلەفۆنەکەتم بۆ بنێرە، ڕازی نەبووم..بەجۆرێك زیرەکی ئەو سەرسامی کردم ..نەمتوانی زۆر قسەی لەگەڵدا بکەم ..سوێند بەخوا دەمزانی شەیتان لەگەڵمدا هاودەمەو دەنگی ئەوم لا جوان دەکات وەزۆرانبازی لەگەڵ ئەو هێندە پاکی ودینەدا دەکات کەجارێ لای من ماوە.. تاوەکو ئەو ڕۆژە هات بە تەلەفۆن قسەمان لەگەڵ یەکتردا کرد.. لێرەوە ژیانم بەرەو لادان ڕۆیشت..زۆر لەڕێگە لامدا من و ئەو بووین بەیەك جەستە (أنترنیت) بە کاردەهێنین و بەتەلەفۆنیش قسە دەکەین..باقسەکانم درێژ نەکەمەوە هەرکەسێ چیرۆکەکەم بخوێنێتەوە وادەزانێ مێردەکەم کەمتەرخەم بووە دەربارەی من .. یا زۆر لەماڵەوە دوور بوو، بەڵام بە پێچەوانەوە..کاتێ کە لە کارەکەی دەردەچوو بەهۆی ئێمەوە نەدەڕۆیشت بۆلای هاوڕێکانی بەڵکو دەگەڕایەوە بۆ ماڵ..لەگەڵ تێپەڕ بوونی ڕۆژگاردا و تێکەڵ بوونم بە (أنترنیت) کە ڕۆژانە لەنێوان (٨) بۆ (١٢) کاتژمێر خۆم پێوە خەریك دەکرد..زۆر جار حەزم نەدەکرد پیاوەکەم لەماڵەوە بێت بەڵکو ڕەخنەم لێ دەگرت کاتێ لەماڵەوە زۆر دەمایەوە .. هانم دەدا بە شەوانیش کار بکات بەبیانووی ئەوەی کەبتوانێت ئەو هەموو قەرزەی لەسەرمان کۆمەڵ بووە بدرێتەوە ئەویش بە قسەی کردم .. لەگەڵ یەکێك لەهاوڕێکانی ئیشێکی بچووکیان پێکەوە گرت..پاش ئەوە

ئەو کاتانەی کە لەگەڵ (أنترنیت) دا بەسەرم دەبرد زۆرتر و زۆرتر بوو هەرچەندە زۆر جار بێ تاقەت دەبوو لەپسولەی تەلەفۆن کەجاری واهەبوو دەگەیشتە پلەی هەزاران .. بەڵام ئەو نەیدەتوانی بەرەنگاریم بکات، پەیوەندیم لەگەڵ کابرادا لە دوای ڕۆژگار ڕووی لەزیاد بوون دەکرد .. پاش ئەوە گوێبیستی دەنگم بوو داوای لێ دەکردم کەدەیەوێ بمبینێ .. ڕەنگە بێزاری دەنگم بووبێت .. هەرگیز هەوڵم نەدەدا پەیوەندی لەگەڵەدا ببچڕێنم.. بەڵکو تەنها گلەییم لێ دەکرد بۆداواکارییەکەی..من لەو زیاتر حەزم لە بینینی دەکرد.. بەڵکو هەندێ خۆم گران دەگرت..هیچ هۆکارێك نەبوو تەنها ئەوە نەبێت من زۆر دەترسام.. ڕۆژ لە دوای ڕۆژ سوورتر دەبوو لەسەر بینینم دەیەوێ تەنها بمبینێ و هیچی تر....ڕازی بووم بەداواکارییەکەی بەمەرجێك کە ئەمە یەکەم و دواجار بێت چاومان بە یەك بکەوێت.. بەڵێنم پێداو کاتێکمان دیاری کرد بۆبینینی یەکتر لەیەکێ لەبازاڕەکاندا وشەیتان سێهەممان بوو.. لەڕاستیدا لەگەڵ یەکەم بینینیدا چووە دڵمەوە..بەڵکو ڕەنگە شەیتان لەبەر چاوم جوانی کردبێت .. مێردەکەم ناشیرین نەبوو بەڵام شەیتان شتی حەرام جوان دەکات .. لە یەك جیا بووینەوە ..لەپاش ئەوە پەیوەندییەکەمان پتەوتر دەبوو .. نەیدەزانی من شووم کردووەو دایکی مندالم.. لەپاش ئەوە چەند جارێك یەکترمان بینی.. هەمووشتێکی لەبارەی منەوە دەزانی.. وای لێ کردم کە ڕقم لە مێردەکەم ببێتەوە .. پێشنیاری ئەوەی کرد کە تەلاقی خۆم لە مێردەکەم وەرگرم و شوو بەو بکەم.. لەپاش ئەوە حەزم لە مێردەکەم نەدەکردو ڕۆژانە لەماڵەوە کێشەم بۆدروست دەکرد.. مێردەکەم بەرگەی ئەو هەموو کێشانەی نەدەگرت .. ئینجا ئەویش زۆرتر لەماڵ دەردەچوو.. تاکو ڕووداوە گەورەکە ڕووی دا.. مێردەکەم ووتی: من دەڕۆم بۆ کارێك و پێنج ڕۆژم پێدەچێ داوای لێ کردم لەو ماوەیەدا بڕۆم بۆ ماڵی کەس وکارم لەگەڵ منداڵەکانمدا.. هەستم کرد ئەمە کاتێکی گونجاوە ڕازی نەبووم بڕۆمەوە بۆ ماڵ کەس وکارم.. ئەویش بە ناچاری ڕازی بوو .. لەڕۆژی هەینیدا سەفەری کرد .. ڕۆژی یەك شەممە ڕۆژی ژووانی ئێمە بوو .. لەگەڵ شەیتاندا ڕێك کەوتین لە یەکێ لەبازاڕەکاندا بەیەك بگەین .. سواری ئۆتۆمبیلەکەی بووم، شەقام بە شەقام پێکەوە ڕۆیشتین ئەمە جاری یەکەمە لەگەڵ پیاوێکی نامۆدا بڕۆمە دەرەوە .. لە من زیاتر دڵەڕاوکێ دیار بوو بەڕوویەوە.. ووتم: نامەوێ کاتی دەرچوونم لەماڵەوە زۆر ببات.. دەترسم مێردەکەم پەیوەندی بکات یان شتێ ڕوو بدات ووتی: ئەگەر مێردەکەت بزانێ ڕەنگە تەلاقت بدات و ڕزگارت ببێت..قسەکانی و شێوەی دەربڕینی بە دڵم نەبوو .. بۆیە دڵەڕاوکێ کەم زیادی کرد.. ووتم: وا باشە زۆر دوور نەکەوینەوە.. نامەوێ لەماڵەوە دوا بکەوم.. ئەویش خەریکی دەکردم بە قسەی لاوەکی.. لەناکاودا بینیم لە جێگایەکم نەمدەزانی ئەو جێگەیە کوێیە.. جێگایەکی تاریك بوو لەجێگای پشوودان یا کێڵگە دەچوو ئینجا منیش هاوارم کرد ئەم جێگەیە کوێیە؟ بۆ کوێ دەمبەی؟ لەپاش چەند چرکەیەك بینیم ئۆتۆمبیلێکی تر ڕاوەستا .. پیاوێکی تر دەرگاکەی لێ کردمەوە .. بەتوندی دایبەزاندم.. وە کەسی سێیەم لە ژوورەوەی جێگای پشوو دانەکەیە..وە چوارەم کەسم بینی دانیشتبوو.. ئەو جێگایە بۆنێکی نامۆی لێ دەهات.. هەموو شتێك وەکو بروسکە لەسەری دەدام .. دەستم بەهاوار کرد.. گریام ..داوای بەزەییم لەوان کرد.. لەبەر توندی ترسەکەم نەمدەزانی چی ڕوودەدات.. هەستم کرد زلەیەکی توند درا لەڕووم.. وەدەنگێك هاوار بەسەرمدا دەکات.. هێزێکی توندبوو وەکو بومەلەرزە بوو.. لەپاش ئەوە ئاگام لە خۆم نەما لە ترساندا.. ئەوەی ڕوویدا ڕوویدا.. لەپاش ئەوە بەئاگا هاتمەوە.. ترسێکی زۆر چووە دڵمەوە.. جەستەم

دەستی بەلەرزین کرد.. بە هیچ شێوەیەك گریانم نەدەوەستا..چاویان بەستمەوە سواری ئۆتۆمبیلەکەیان کردم .. وە لەجێگایەکی نزیك ماڵی خۆمان فڕێیان دام.. بەپەلە چوومە ماڵەوە ئەم جارە دەستم کرد بەگریان وگریام تاکو فرمێسکەکەم وشك بوو.. چیتر بەندی ژوورەکەم بووم.. منداڵەکانم نەدەبینی.. تەنها پارویەك نانم نەدەخوارد ڕقم لەخۆم دەبووەوە.. هەوڵمدا خۆم بکوژم.. منداڵەکانم چیتر نەدەناسی.. تەنانەت هەستم بەبوونیان نەدەکرد.. مێردەکەم لەسەفەر گەڕایەوە.. حاڵم زۆر خراپ بوو بە شێوەیەك مێردەکەم ناچار بوو بمبا بۆ نەخۆشخانە بە زۆر چەند حەپێکی هێمن کەرەوەو بە هێزکەرەوەیان پێدام داوام کرد لەمێردەکەم بەزووترین کات بمبا بۆلای کەس وکارەکەم .. زۆر دەگریام..کەس وکارم هیچیان نەدەزانی..وایان دەزانی لە نێوان من مێردەکەمدا کێشەیەك هەیە..باوکم هەوڵی دا لەگەڵ مێردەکەمدا لەیەك تێبگەن..کەچی نەگەیشتە هیچ ئەنجامێك..چونکە مێردەکەم لە بنەڕەتدا هیچی نەدەزانی.. هیچ کەس نەیدەزانی چی بەسەر مندا هاتووە.. تاکو کەس وکارم منیان برد بۆلای هەندێ جادووباز چونکە وایان دەزانی من نەخۆشم .. بەکورتی بە هیچ شێوەیەك من شایەنی ئەو مێردە نیم .. بۆیە داوای تەڵاقم لێکرد سوێند بەخوا لەبەر ڕێزی ئەو.. چونکە من شایەنی ئەوە نیم لە نێو ڕیزداران و شەریفاندا بژیم بەهیچ شێوەیەك.. خۆم بەدەستی خۆم گۆڕم بۆ خۆم هەڵکەند.. وە لەو هاوڕێیەی کە لە ڕێگای (چات) وە دروست بوو لە ڕاوچی کچان زیاتر هیچی تر نەبوو ئەو کچانەی کە (چات) بە کار دەهێنن.. مێردەکەم بۆ حاڵی من غەمبار بوو.. بەڵکو چەند ڕۆژێك وازی لە کارەکەی هێنا بۆ ئەوەی نزیکی من بێت.. ڕازی نەبوو تەڵاقم بدات.. ئەو بەستەزمانە منی خۆشدەویست .. هێندە ماندوو بوو تاکو خێزان و ماڵی پێکەوەنا ئێستا نایەوێ بیڕوخێنێت .. نهێنی خۆمم لەسنگی خۆمدا شاردەوە.. هەر ڕۆژێك بە سەرمدا تێدەپەڕێ خەمەکانم زیاد دەکات..چ شەرمەزاری و زەلیلییەك تووشم بوو بە هۆی ئەو بێ ڕێزانەوە؟! چۆن دەبمە جێگەی مەی خواردنەوەو تلیاك کێشان و یاری کردن بەجەستەم چۆنیان بوێت؟! .. من چەندە شیت وگێلم چەندەها مانگم بەسەر برد لەگەڵ کەسێکدا کە شایەنی سۆزی من نەبوو.. ئەوا من ئەم چیرۆکە دەنووسم لەسەر جێگای نەخۆشی و بێ هێزی و لاوازی بەڵکو ڕەنگە جێگای مردنم بێت..

## وازیان لەم قورئانە هێناوە

ئافرەتێکی موسڵمان پێی ووتم: لەمەککەی پیرۆز بووم .. لەبەشی ئافرەتان.. ئافرەتێك لە پشتەوە لە شانی دام .. بە زمانێکی ئەعجەمی دووبارەی دەکاتەوەو دەڵێت: حاجی .. حاجی .. منیش ڕووم لێکرد بینیم ئافرەتێکی زۆر گەورە نییەو منداڵیش نییە واتە مامناوەندییە لە تەمەندا .. وادەزانم ئەو ئافرەتێکی تورکییە .. سڵاوی لێکردم .. خۆشەویستی ئەو چووە دڵمەوە .. دەیویست شتێك بڵێت.. هەوڵی دەدا شتەکان کۆ بکاتەوە .. ئیشارەتی بۆ قورئانێك کرد بە دەستی یەوە بوو .. پاشان بە زمانی عەرەبییەکی شکاو ووتی: تۆ قورئان دەخوێنی؟! ووتم: بەڵێ .. بینیم ئەو ئافرەتە ڕووی سوور بووەوە .. وە چاوەکانی پڕ فرمێسك بوو .. زۆر سەیرم بەو دیمەنە دەهات و سەرەنجی ڕاکێشام .. دەستی کرد بە گریان .. ووتم: چیتە بۆ دەگری؟ ئەویش تەماشایەکی شەرماوی کردم و بە

دەنگێكی كزەوە فەرمووی: من قورئان ناخوێنم .. ووتم: بۆ؟ فەرمووی: نازانم .. دیسان دەستی بە گریان كرد .. منیش هەوڵمدا ئارامی بكەمەوەو لە گریانەكەی كەم بكەمەوە .. ووتم: تۆ ئێستا لەماڵی خوادای داوا لە خوا بكە بەڵكو فێرت بكات .. وە یارمەتیت بدات بۆ خوێندنەوەی قورئان .. فرمێسكەكانی بەردەوام بوو .. وە دیمەنێكم بینی لە ژیانمدا لە بیری ناكەم.. ئافرەتەكە سەری بەرز كردەوەو دەستەكانی بەرز كردەوە، بە مەبەستی پاڕانەوە لە خواو فەرمووی: خوایە دڵم بكەرەوە .. خوایە دڵم بكەرەوە تاكو قورئان بخوێنم .. خوایە دڵم بكەرەوە تاكو قورئان بخوێنم .. پاشان ڕووی لەمن كردو فەرمووی: من دەمرم و قورئانم نەخوێندووە .. ووتم: نەخێر .. إن شاء الله دەتوانی قورئان بخوێنی و چەند جارێك خەتمی دەكەیت .. پرسیارم لێكرد: ئایا سورەتی (الفاتحه) دەخوێنی؟ ڕووی گەش بووەو فەرمووی: بەڵێ .. پاشان دەستیكرد بە خوێندنەوەی .. (**الحمد لله رب العالمین .. الرحمن الرحیم** .. تاكو تەواوی كرد) ... پاشان دانیشت و ئەو سورەتە بچوكانەی بۆ دەژماردم كە لەبەری كردووە .. تا رادەیەك سەرسام بووم بەو توانایەی كە دەیتوانی بەو شێوەیە عەرەبی قسە بكات .. باسی ژیانی خۆی بۆ كردم .. چەندە هەوڵ دەدات كە فێری قورئان بێت .. لەناكاو ڕووی گۆڕاو فەرمووی: ئەگەر من مردم و قورئانم نەخوێند بێ ئەوا من لە ئاگردام،؟ سوێند بەخوا من گوێبیستی (كاسێت) دەبم، بەڵام مەرجە بخوێنم .. ئەمە قسەی خوایە.. قسەی خوای گەورەیە .. پاشان ئەو بەستەزمانە دەستیكرد بە باسكردنی مەزنی خواو مافی كتێبەكەی بەسەرمانەوە .. خۆم پێ ڕانەگیراو دەستم بە گریان كرد .. ئافرەتێكی ئەعجەمی .. لە وڵاتێكی عیلمانیدا لەوە دەترسێت بگاتە خواو كتێبەكەی نەخوێندووە .. گەورەترین هیوا لای ئەو خەتمی قورئانە .. خەم دەخوات.. ژیانی لە خۆی تەنگ كردووە چونكە ناتوانێت كتێبەكەی خوای گەورە بخوێنێت .. ئەی بۆ ئێمە وازمان لێهێناوە؟؟!! قورئانمان پێگەیشت و لەبیرمان كرد؟؟ ئای ئێمە چیمان لێهاتووە؟؟ ڕێگاكانی لەبەركردن و خوێندنەوەو تێگەیشتنی ئاسانە؟ توخوا .. بۆ چ شتێك دڵمان دەسوتێت؟ چ شتێك دەبێتە هۆی فرمێسك ڕژاندنمانو خەممان زیاد دەكات ..؟

والحمد لله رب العالمين وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين.

| | |
|---|---|
| اسم الملف: | ذكريات تائب.doc |
| الدليل: | D:\مالبه رى ئاشتى\كتب\م. عبدالمجيد\ذكريات تائب\New folder |
| القالب: | C:\Users\yahya\AppData\Roaming\Microsoft\Templates\Normal.dotm |
| العنوان: | الصبربسم الله الرحمن الرحيم |
| الموضوع: | |
| الكاتب: | Abdulla |
| الكلمات الأساسية: | |
| تعليقات: | |
| تاريخ الإنشاء: | ١٨/١١/٢٠١٢ ٠٨:٤٥:٠٠ م |
| رقم التغيير: | ٢ |
| الحفظ الأخير بتاريخ: | ١٨/١١/٢٠١٢ ٠٨:٤٥:٠٠ م |
| الحفظ الأخير بقلم: | yahya |
| زمن التحرير الإجمالي: | ٣ دقائق |
| الطباعة الأخيرة: | ١٨/١١/٢٠١٢ ٠٨:٤٦:٠٠ م |
| منذ آخر طباعة كاملة | |
| عدد الصفحات: | ٣٨ |
| عدد الكلمات: | ١٥,٢١٠ (تقريباً) |
| عدد الأحرف: | ٨٦,٧٠١ (تقريباً) |